# لەنێو ئاڵۆزییەکانی جیهاندا هەرێمی کوردستان بەهێز و خۆڕاگرتر گەشە دەکات

## مەسرور بارزانی، بە دونیا بینینی ژیرانە کوردستانی لە جەنگ پاراست

## دیپلۆماسییەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتی خاوەن پێگەیەکی تایبەتە



# زاری کرمانجی


WWW. ZARIKRMANJI.NET

هەفتەنامەیەکی سیاسی - کۆمەڵایەتییە

ژمارە (٧٢٥)

سێشەممە ١٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٥ی کوردی، ١ی تەممووزی ٢٠٢٥


## حکوومەتی هەرێم توانیویەتی لە سیاسەتی دەرەوە هاوسەنگی بپارێزێت

پێگەی هەرێمی کوردستان لە دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و گۆڕەپانی سیاسی و گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، حساب بۆ کراوە و ژمارەیەکی بەهێز و کاریگەرە، ئەو بەهێزیەش لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵێک ئاڵەنگاری بەدەست هاتووە، هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی، هەوڵی داوە نەبێتە بەشێک لەو کێشانەی کە لە ناوچەکەدا هەن، بەتایبەتی شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل، وڵاتانیش ئاستی پەیوەندییەکانیان بەرەو پێش و بەرفراوانتر کردووە، کێشەکان بەرەو چارەسەری هەمیشەیی دەچن، ئومێدێکی گەورە هەیە هەولێر و بەغدا لەم چەند ڕۆژەدا ڕێکبکەون و کێشەی مووچەی مووچەخۆرانی کوردستان چارەسەر ببێت و دەست بە هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستان بکرێتەوە، ئەمەش دوای پێداگیرییەکانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم لە دەستبەردارنەبوونی مافە دەستووری و یاساییەکانی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان.

بۆ لا ٣...


بەڕێوەبەری پەروەپێدانی پەروەردەیی: بۆ ساڵی نوێی خوێندن پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان فراوانتر دەکرێت
پەروەردە ٧

نیهایەت سەلیم: لە سۆران کچان حەز بە یارییەکانی هونەری جەنگی دەکەن
وەرزش ٩

«داخستنی گەرووی هورمز بۆ ئێران مانای (خۆ کوشتنێکی ئابووری) ڕاستەقینەی هەیە»
ڕا ١٠

پێویستە بابەتی مەترسییەکانی مادە هۆشبەرەکان بخرێتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکانەوە
کۆمەڵایەتی ١٣

# بەڕێوەبەری ناحیەی پیران: کردنەوەی چەند کارگەیەک بەپێویست دەزانین



زاری کرمانجی-پیران
بەڕێوەبەری ناحیەی پیران دەڵێت: «سنوورەکەمان دەوڵەمەندە بە سامانی ئاو و زەووی کشتوکاڵی، هەر جێگەیەکیش ئاوی هەبێت لە رووی کشتوکاڵیەوە بەرەوپێش چوونێکی زۆر بە خۆوە دەبینێت، بۆ ئەوەی سوود لە بەروبوومەکانی دەڤەرەکەمان وەربگیرێت، پێویستە چەند کارگەیەک بکرێنەوە، بۆ ساغکردنەوەی بەربوومی هاووڵاتییان.

هەژار جەوهەر، بەڕێوەبەری ناحیەی پیران لە سنووری قەزای مێرگەسۆر، بە زاری کرمانجی گووت: « لە رووی کشتوکاڵییەوە سنووری ئێمە ناوچەیەکی بە پیت و بەرەکەتە و چەندین سەرچاوەی ئاو هەن و ناحیەی پیران دەوڵەمەندە بە سامانی ئاوەوە، هەر جێگەیەک ئاوی هەبێت لە رووی کشتوکاڵیەوە بەرەوپێش چوونێکی زۆر بە خۆوە دەبینێت، بەڵام نەتواندراوە وەکو پێویست سوود لە بەروبوومەکان وەربگیرێت و بە بازاڕی بکرێت».

گووتیشی: « بۆ ئەوەی سوود لە بەروبوومەکانی دەڤەرەکەمان وەربگیرێت، پێویستە چەند کارگەیەک بکرێنەوە، بۆ ساغکردنەوەی بەربوومی هاووڵاتییان، بۆ نموونە پێش ئەوەی کارگەی زۆم لە قەزای مێرگەسۆر بکرێتەوە، خەڵکی ناوچەکە شیری ئاژەڵەکانیان بە شێوەیەکی جیاواز بەکار دەهێنا سوودێکی وای نەبوو بۆیان، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی هەبوونی کارگەی شیری زۆم لە هیچ ناوچەیەکی دەڤەری بارزان خاوەن ئاژەڵداڵەکان شیر بەفیڕۆنادەن».

# وەرتێ پێویستی بە کردنەوەی بنکەیەکی گەشتوگوزارە



زاری کرمانجی-وەرتێ
بەڕێوەبەری ناحیەی وەرتێ دەڵێت: « بە پێویستی دەزانین بنکەیەکی گەشتوگوزاری لە ناحیەی وەرتێ بکرێتەوە، بۆ ئەوەش داواکاریمان پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار کردووە، چونکە بە بوونی بنکەیەکی لەم شێوەیە دەتوانرێت زیاتر چاودێری ئەو شوێنە گەشتیاریانە بکرێت کە لە سنوورەکەمانن.

شۆڕش حەسەن بەڕێوەبەری ناحیەی وەرتێ لە سنووری قەزای ڕواندز، بە زاری کرمانجی گووت: « بەهۆی ئەوەی سنوورەکەمان ناوچەیەکی گەشتیارییە و ساڵانە گەشتیارێکی زۆری ناوخۆیی و شارەکانی عێراق و بیانی ڕووی تێدەکەن، بووەتە هۆکاری ئەوەی کە سێکتەری گەشتوگوزار بووژانەوەی باش بەخۆیەوە ببینێت، کە لە ئێستادا زیاتر لە ١٠٠٠ کەپر و شوێنی گەشتیاری لە سنووری وەرتێ هەن، بەمەش هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆری گەنجان و هاووڵاتییانی سنوورەکەمان ڕەخساوە».

دەشڵێت: « بە پێویستی دەزانین بنکەیەکی گەشتوگوزاری لە ناحیەی وەرتێ بکرێتەوە، بۆ ئەوەش داواکاریمان پێشکەش کردووە، چونکە بە بوونی بنکەیەکی لەم شێوەیە دەتوانرێت زیاتر سەرپەرشتی ئەو شوێنە گەشتیاریانە بکرێت، ئێمە وەک حکوومەت تەنها چاودێرین بەسەر ئەو شوێنە گەشتیاریانە، ئەوان زیاتر پەیوەستن بە کەرتی تایبەتەوە".

# گوژمەیەک بۆ نۆژەنکردنەوەی بەشێکی کەمپی حامیەی ڕواندز خەرج دەکرێت



زاری کرمانجی-ڕواندز
وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بڵاوی کردووە: بەپێی فەرمانێکی وەزاری، ڕەزامەندی درا لەسەر خەرجکردنی گوژمەیەک بۆ کاری نۆژەنکردنەوەی کەمپی حامیەی ڕواندز لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.

ئەوەش خراوەتەڕوو: «گوژمەکە لەسەر ڕێژەی ١٪ی داهاتی بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران و بەپێی خشتەی پلانی ساڵی ٢٠٢٥ بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی کەمپی حامیەی ڕواندز لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران بەپێی یاسا و ڕێنماییە داراییەکان خەرج دەکرێت».

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە بۆ پاراستن و پەرەپێدانی زیاتری شوێنەوارەکان، بایەخێکی زۆر بە پرۆژەکانی شوێنەواری دەدات لە بواری کاری کنەوپشکنین و گرێبەست لەگەڵ زانکۆ بیانییەکان و ناوخۆییەکان و دۆزینەوە و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

# کاری بەخێوکردنی ئاژەڵداری کەمیکردووە



زاری کرمانجی -رواندز :
بە پێی نوێترین ئاماری بنکەی ڤێتەرنەری ڕواندز، لە ئێستادا کاری بەخێوکردنی ڕەشە وڵاغ و مەڕو بزن لە سنووری قەزای ڕواندز کەمیکردووە، زۆرترین ئاژەڵداریش لە دۆڵی خانەقان لە سنووری ناحیەی وەرتێ.

د. زاهیر تاهیر، بەرپرسی بنکەی ڤێتەرنەری ڕواندز بە زاری کرمانجی ڕاگەیاند" کاری ئاژەڵداری لە سنووری ڕواندز بەراورد بە چەند ساڵێک پێش ئێستا کەمیکردووە، هۆکارەکەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئاژەڵداران ناتوانن ئالێکی پێویست دابین بکەن و گران بوونی نرخی ئالیکیش هۆکارێکە، بە پێی ئەو ئامارەی ڕەشە وەڵاغ و مەڕو بنەی لای ئێمەیە و بەفەرمی تۆمارکراون بەو جۆرەی خوارەوەیە. ٢٤٥٠ڕەشە وڵاغ ، زۆرترینیان لە دۆڵی خانەقان لە سنووری ناحیەی ورەتێ، ١٨هەزار سەر بزن، ٣٥٠٠ سەر مەڕ".

بەرپرسی بنکەی ڤێتەرنەری ڕواندز زیاتر گووتی: « کردنەوەی بنکەی وەرگرتنی شیر لە لایەن کارگەی زۆم لە سنووری ڕواندز وادەکات کاری ئاژەڵداری لە سنوورەکەمان روو لە زیاد بوون بکات، ئاژەڵداران بتوانن بەرهەمی خۆیان ساغ بکەنەوە، ئێمە توانیومانە هەڵمەتێکی شووشتنی ئاژەڵان ئەنجام بدەین دژی تای خوێنەر بوون لە گەڵ دابینکردنی چەند جۆرێکی تری دەرمان.

# فەرمانبەرانی گرێبەست خانەنشین دەکرێن

زاری کرمانجی-سۆران
بەپێی ڕێنماییەکی نوێی وەزارەتی دارایی و ئابووریی کوردستان، لەمەودوا فەرمانبەرانی گرێبەستی هەرێم هاوشێوەی فەرمانبەرانی عێراق خانەنشین دەکرێن.

بەگوێرەی ڕێنمایی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٥ی وەزارەتی دارایی و ئابووری لەمەودوا فەرمانبەرانی گرێبەستیش دەتوانن داوای خانەنشینبوون بکەن، بڕیارەکەش زیاتر لە ٧٥ هەزار فەرمانبەر دەگرێتەوە.

بۆ ئەو مەبەستەش وەزارەتی دارایی کوردستان داوای لە سەرجەم وەزارەت و فەرمانگەکان کردووە دۆسیە ئەو فەرمانبەرانە ئامادە بکەن کە خانەنشینبوون دەیانگرێتەوە، لەمەودوا ١٠٪ لە مووچەی ئەوانیش بۆ خانەنشینی دەبڕدرێت، قەرزی ساڵانی ڕابردووشیان لێ وەردەگیرێتەوە.

بەپێی ڕێنماییەکان پێویستە فەرمانبەرەکە ١٥ ساڵ خزمەتی هەبێت و تەمەنی لە ٥٠ ساڵ کەمتر نەبێت بۆ خانەنشینی ئارەزوومەندانە، بۆ نموونە ئەگەر خانەنشینەکە خۆی داوای بکات، واتا هاوشێوەی فەرمانبەرانی هەمیشەیی یەک مەرجە، ئەگەرنا حکومەت خۆی لە ٦٠ ساڵی خانەنشینی دەکات.

# ئەمساڵ ١٠ کەس لە ئیدارەی سۆران بوونەتە قوربانی مین و تەقەمەنی




زاری کرمانجی-سۆران
بەپێی زانیاری و ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی هەولێر، ئەمساڵ ١٠ کەس لە سنوورەکەیان بەر مین و تەقەمەنی کەوتوون، لەوانە پێنج کەس گیانیان لەدەستداوەو پێنج کەسیش بریندار بوونە.

عەلی عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مینی هەولێر، بە زاری کرمانجی ڕاگەیاند: « ئەمساڵ واتە لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوو تائێستا لە سنووری پارێزگای هەولێر ١٠ کەس بەر مین و تەقەمەنی کەوتوون، لەوانە پێنج کەس گیانیان لەدەستداوەو پێنج کەسیش بریندار بوونە، سەرجەم قوربانیانی ئەم ڕووداوانە لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بوونە».

گووتیشی : « هەرچەندە بەشێوەی بەردەوامی تیمەکانمان پەیامی هۆشیاریان گەیاندۆتە هاووڵاتییانی ناوچەکە، بە ئەنجامدانی سمیناری هۆشیاری بۆ مامۆستایانی ئاینی و موختاری گوندەکان و چین و توێژەکانی گۆمەڵگە و جوتیار و ئاژەڵدار و کاسبکاران، کە ئاگادار بن ڕوونەکەنە ئەو ناوچانەی قەدەغەکراو مەترسیدارن و مین و تەقەمەنی و پاشماوەی جەنگیان لێماوە، بەهیواین هەموو لایەک پابەندی ڕێنمایی و پەیامەکانی هۆشیاری خۆپارێزی بن، بۆ ئەوە لە ڕووداوەکانی مین سەلامەت بن.


حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی وەزیران/ وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەراتی گشتی رەگەزنامەی هەرێمی کوردستان
بەڕێوەبەراتی رەگەزنامە و باری شارستانی هەولێر
کاروباری شارستانی
رووداوەکان
العدد: ١١٣٤٢ تاريخ: ٢٠٢٥/٦/٢٤
الى/مؤسسة النشر والاعلانات
م/ إعلان
قدمت المواطنة (گروزيا محمود حمد) دعوي تبدل اسمها من (گروزيا) الى (كروزيا) فمن لديه اعتراض المراجعة خلال (١٥) يوم من تاريخ نشره فى الجريدة و بعكسه فسوف تنظر هذا الدعوي وفق أحكام المادة ٢٢ من قانون البطاقة الوطنية رقم(٣) لسنة ٢٠١٦.
مع التقدير...
ع/ اللواء الحقوقي / نشأت ابراهيم الخفاجي / المدير العام

جاردان جاردان

# چەندین ساڵە بەهۆی سیاسەتی چەوتەوە ئەم دۆخە بەردەوامە بڕینی بودجەی هەرێم لەسەر داوای چەند کەسایەتی کورد بووە




**ئەو لایەنانەی لەسەر حیسابی مووچەخۆرانی کوردستان موزایەدەیان دەکرد، چیتر ناتوانن هاووڵاتییان بە هەڵە دابەن و وەک ئامرازی گوشاری سیاسی دژی کوردستان بیانجووڵێنن.**

کێشەی مووچە چارەسەر دەبێت، چەند شاندێکی تەکنیکیی وەزارەتەکانی دارایی و نەوتی عێراق و چەند کەسێکی سەر بە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق کە دەستەڵاتی ڕێککەوتن و بڕیاردانیان پێ دراوە، لە ئەنجامی هەوڵەکانی مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و قسەکردنی لەگەڵ هەریەک لە (محەممەد شیاع سوودانی)، سەرۆک وەزیرانی عێراق و فایەق زێدان، سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەریی عێراق، هاتوون و گفتوگۆ لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی مووچە و بابەتی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکەن.

هاوکات شاندێکی باڵا لە هەرێمی کوردستانەوە چوونەتە بەغدا و لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بەغدا گفتوگۆ دان.

زیاتر لە ١٠ ساڵە کێشەی مووچەی مووچەوەرگرانی هەرێمی کوردستان هەیە، سەرەتای کێشەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چەند کەسێک لە کوردستان لە ئەنجامی رقی سیاسی و بۆ تۆڵە کردنەوە لە ڕێگرییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی کابینەی نۆیەم لە نەهێشتنی گەندەڵیی و بە دامەزراوەیی کردنی جومگەکانی کوردستان، پێشنیازیان بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق (لە ساڵی ٢٠١٤) کرد مووچە و بودجەی هەرێم ببڕێت بۆ ئەوەی فشار لەسەر پارتی بکات، دواتریش هەموو ئەو کەسانەی بوونە سەرۆک وەزیران لە عێراق، (پاش مالیکی، حەیدەر عەبادی، عادل عەبدولمەهدی، مستەفا کازمی و محەممەد شیاع سوودانی)، هەموویان بە جۆر و شێوازی جیاواز بەردەوامییان بەو پرۆسەیە دا و لەسەر سزادان و جێبەجێکردنی سیاسەتی برسیکردنی خەڵکی کوردستان بەردەوام بوون.

لە ماوەی ئەو ١١ ساڵەی کە کێشەکە هەیە، چەندان کەس بوونە دەمڕاستی دووژمنانی کوردستان و کیانی سیاسی هەرێم لەژێر ناوی داکۆکیکردن لە مووچەخۆرانی کوردستان، جگە لە بابەتی مووچە، هیچ کەرستەیەکی دیکەیان نەبوو شەقامی کوردی لە دژی تیمی پارتی لە حکومەت هان بدەن، بەڵام هەمووجار دەستیان بە بەتاڵی لە بنی هەنبانەی دراو دەهاتە دەرەوە.

ئێستا ئومێدێکی گەورە هەیە هەولێر و بەغدا لەم چەند ڕۆژەدا ڕێکبکەون و کێشەی مووچەی مووچەخۆرانی کوردستان چارەسەر ببێت و دەست بە هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستانیش بکرێت، ئەمەش گەورەترین و دووردرێژترین کێشەی خەڵکی کوردستانی پێ چارەسەر دەبێت.

بە چارەسەربوونی ئەم کێشەیە، هەموو ئەو لایەن و کەسایەتیانەی لەسەر حیسابی مووچەخۆرانی کوردستان موزایەدەیان دەکرد، چیتر ناتوانن هاووڵاتییان بە هەڵە دابەن و وەک ئامرازی سیاسی بۆ گوشار خستنە سەر هەرێمی کوردستان بە قسەی هزری شۆڤێنیزمی عەرەبی دژی کیانی سیاسی کوردستان بیانجووڵێنن.

ئەمەش دوای پێداگیرییەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەستبەردار نەبوونی مافی دەستووری و یاساییەکانی هاووڵاتییان و هەرێمی کوردستان.

بۆیە مەسرور بارزانی لە هەموو بۆنەکانەوە ڕاستەوخۆ سوپاسی خۆراگری خەڵکی کوردستانی کردووە، کە ئامادە بوونە هەموو نەهامەتییەک قبوول بکەن بەڵام ملکەچی و خۆچەماندنیان ڕەتکردۆتەوە، ئەمەش وەک پاڵپشتی جەماوەری و سیاسی بۆ ئاراستەی سیاسەتی حکوومەت لێکدانەوەی بۆ کراوە و قوورسایی بەخشیوەتە داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان.

# سیاسەتی پاراستنی کوردستان لە جەنگی دەرەکی
## «کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەقامگیریی هەرێم بە بەشێک لە هاوسەنگی عێراق دەزانن»



**ماماماۆستایەکی زانکۆ:**

## دیپلۆماسیەتی بێلایەنی، هەرێمی کوردستانی لە شەڕ پاراستووە

ڕاپۆرت- زاری کرمانجی

مامۆستایانی زانکۆ و چاودێرانی سیاسی لە ڕاپۆرتێکی زاری کرمانجی دەڵێن: هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی، هەوڵیان داوە نەبنە بەشێک لەو کێشانەی کە لە ناوچەکەدا هەن، بەتایبەتیش شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل، ئاماژەش بەوەدەکەن: « کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا، سەقامگیریی کوردستان بە بەشێک لە هاوسەنگی هێزی عێراق دەزانن، ئەمەش وەک ڕێگرییەکە لە هەر هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ.

د. زوبێر ڕەسوڵ، دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بە زاری کرمانجی ڕاگەیاند: هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی هاوسەنگانە پەیڕەو دەکات و لە ناوچەیەکی سەختی جیۆپۆلیتیکی سیاسیدایە لەبەر ئەمەشە هەوڵدەدات سیاسەتێکی هاوسەنگ بەکاربهێنێت و نەبێتە بەشێک لە کێشەکان، هەوڵیان داوە نەبنە بەشێک لەو کێشانەی کە لە ناوچەکەدا هەن، واتە ئەوە وایکردوە کە هەرێمی کوردستان ئەمجارە بە سەلامەت لەو دۆخە دەربچێت و نەبێتە بەشێک لەو ململانەیە و ئێران کوردستانی بە شوێنێک نەبینی بۆ ناردنی پەیامی بۆ نەیارەکانی جا ئیسرائیل بێت یان ئەمەریکا».

ئاماژەی بەوەشدا:» سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە مانگی ٥ی ٢٠٢٤ بۆ تاران وای کرد کە هەرێمی کوردستان بە دوور بێت لەو گرژی و ئاڵۆزییەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە و لەو ڕۆژەوە قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندیەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئێران دەستی پێکرد و ئێران جۆرێک دڵنیای دا کە هەرێمی کوردستان نابێتە جێگەی نەیارانی ئێران و سەردانەکە لە ئاستی میدیایی ئێران زۆر گرینگی پێدرا و پەیامەکی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕۆڵێکی زۆری هەبوو کە ئیدانەی ئەو تۆپبارانەی کرد کە ئیسرائیل دەیکردە سەر ئێران.

د. نیار محیەدین، مامۆستای زانکۆ، بە زاری کرمانجی گووت:»سەرەڕای هەبوونی هەندێک لێکەوتەی ئابووری و دەروونی، بەڵام دوایین شەڕی ١٢ ڕۆژەی نێوان ئێران و ئیسرائیل، بە هۆی چەند هۆکارێکی جیۆپۆلەتیکی و ستراتیجی و ناوخۆیی، کاریگەرییەکی کەم و سنووورداری لەسەر هەرێمی کوردستان هەبووە. ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک بووە یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەبوو کە هەر لە سەرەتاوە هەرێمی کوردستان هەڵوێستێکی وریا و بێلایەنی هەیە کە لە ململانێکانی هەرێمی پاراستووە و دەستەڵاتدارانی کورد لە هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی خۆیان لە لایەنگیری لەگەڵ ئێران یان ئیسرائیل بەدوور گرتووە، لەبری ئەوە سەرنجیان لەسەر پاراستنی سەقامگیریی ناوخۆیی و هاوسەنگی دیپلۆماسی بووە».

ئەوەشی خستەڕوو: «ئەم بێلایەنییە یارمەتیدەر بووە لەوەی هەرێمی کوردستان نەبێتە گۆڕەپانی شەڕ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بە وەکالەت. هەروەها هەردوو وڵاتی ئێران و ئیسرائیل وریا بوون لە فراوان نەکردنی مەودای ڕووبەڕووبوونەوەکەیان.بەتایبەت لە تێوەگلانی ڕاستەوخۆی هەرێمی کوردستان لە دوژمنایەتییەکانیاندا، هەرچەندە ئێران ناو بەناو ئیسرائیلی بەوە تۆمەتبار کردووە کە تۆڕی هەواڵگری لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان هەبووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی جەوهەری یان پەرەسەندنی سەربازی لە کاتی دوایین شەڕدا لە هەرێمی کوردستان ئێرانی نەکردە ئامانج، لە لایەکی ترەوە پێدەچێت ئێران خۆی لە کردنەوەی بەرەیەکی نوێ لە هەرێمی کوردستان بە دوور گرتبێت بۆ ئەوەی ڕێگری لە ناسەقامگیریی زیاتری عێراق بکات و دووربکەوێتەوە لە ئیستفزازی ئەمریکا و نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان کە ئامادەییان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە».

ئەو مامۆستایەی زانکۆ دەشڵێت:» هەرێمی کوردستان خاوەنی دامەزراوەی ئەمنیی بەهێزە کە هەماهەنگیی لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان هەیە، لەوانەش ئەمریکا، بۆ ڕێگریکردن لە هەڕەشەکان. ئەم ڕێگرییە، لەگەڵ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ناوچەکە توانی وێنەکەی وەک ناوچەیەک کە تاڕادەیەک سەقامگیر لە عێراقدا پیشان بدات و بەشداربێت لە دابڕاندنی لە ململانێ فراوانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت لە دوایین شەڕی ١٢ ڕۆژەی نێوان ئێران و ئیسرائیل، لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین دیپلۆماسی و بێلایەنی، هەرێمی کوردستانیان لە کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی شەڕی ئێران و ئیسرائیل پارستووە.

د. مەهدی ئەمین ستونی، مامۆستای زانکۆی سۆران و پسپۆری پەیوەندییە نیودەوڵەتیەکان، دەڵیت:» هەرێمی کوردستان ساڵانێکە سیاسەتێکی دەرەکی هاوسەنگ پەیڕەو دەکات کە لەسەر بنەمای بێلایەنی ئەرێنی و تێوەگلان نەکردن لە ململانێکانی ناوچەییدا، هیچ لایەک ئامادەیی سەربازی ڕاستەوخۆیان لەناو هەرێمدا نییە، ئەمەش وای لێدەکات ڕاستەوخۆ بکرێتە ئامانج و ئێران سەرەڕای قسە توندوتیژەکانی، وریایە بازنەی ڕووبەڕووبوونەوە لەناو عێراقدا فراوان نەکات، چونکە درک بەوە دەکات کە تێکدانی سەقامگیریی کوردستان دەتوانێت کاردانەوەی نەخوازراوی ناوخۆیی و دەرەکیی لێبکەوێتەوە».

ئەوەش دەخاتەڕوو :» سەرکردایەتی سیاسی هەرێم بە وردی پەیوەندییەکانی دەرەوەی خۆی بە تایبەت لەگەڵ وڵاتانی هەستیاری وەک ئیسرائیل بەڕێوەدەبات و ناڕوونی سیاسی دەپارێزێت بۆ ئەوەی ئیستفزازی ڕاستەوخۆ نەبێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا، سەقامگیریی کوردستان بە بەشێک لە هاوسەنگی هێزی عێراق دەزانن، ئەمەش خۆی وەک ڕێگرییەک لە هەر هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ کاردەکات.

# کردنەوەی بەندیخانە لە ئیدارەی سۆران پێویستە

## پارێزەرێک: هەر کەسێک لە سێ مانگ زیاتر سزای گرتنی بۆ دەربچێت ڕەوانەی هەولێر دەکرێت




زاری کرمانجی – سۆران:
چین و توێژەکانی ئیدارەی سۆران نەبوونی شوێنی دالەدان و بەندکردن « سجن « لە دەڤەرەکە بە گرفتی دەزانن، خەڵکی ناوچەکە بۆ دادگەیی کردنی تاوانە گەورەکان و یەکلای کردنەوەی کێشەکان و حوکمدانیان ڕەوانـــەی هـەولـێـر دەکـرێـن، بە گووتەی پارێزەرێکیش، کاردانەوە و کاریگەری نەرێنی بەدووای خۆیدا دێنێت و پێویستە هەوڵی تەواو بدەن بۆ کردنەوەی دادگای تاوانەکان و شوێنی بەندکردن لە سەنتەری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.

س . ع ، ل یەکێکە لە دانیشتوانی سنووری ئیدارەی سۆران، ماوەی چەند ساڵێکە کوڕێکی لە شاری هەولێر بەندکراوە، بۆ زاری کرمانجی گووتی:» نەبوونی بەندینخانە لە سۆران گرفتێکی زۆری بۆ ئێمە دروستکردووە، چونکە هەفتانە بۆ سەردانیکردن و مهاجەی بە ناچاری دەبێت ڕوو لە هەولێر بکەین، ئەمەش گرفتێکی زۆری بۆ ئێمە دروستکردووە، هەفتانە خەرجی زۆر و مەترسی ڕووداوی هاووتۆچۆ و دووری ڕێگا گرفتێکی دیکەی بەردەوامە بۆ ئێمە .

گووتیشی: ئیدارەی سۆران بەرفراوان بووە خاوەنی چەند قەزا و ناحیە و گوندە، سەدان هەزار دانیشتوای هەیە، پێویستە حکوومەت و لایەنی پەیوەندی دار هەوڵێک بدەن بۆ کردنەوەی بەندینخانەیەک بۆ پیاوان و ئافرەتان لە سنووری ئیدارەی سۆران».

فوئاد سەعید پارێزەر لە سۆران بە زاری کرمانجی گووت: لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران تەنها بەشی گرتن و گواستنەوە هەیە، ئەو کەسانەی فەرمانی ڕاگرتنیان (التوقیف) هەیە بە بڕیاری دادوەری دادگای لێکۆڵینەوە سنووری قەزاکانی قەزاکانی سۆران، ڕواندز، چۆمان، مێرگەسۆر و خەلیفان لە بەشی گرتن و گواستنەوەی سۆران ڕادەگیرێن .

زیاتر گووتی: لەگەڵ دروستبونی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران پێویستە دادگای تاوانەکان (محکمە الجنائی) و بەندیخانە لەم دەڤەرە بکرێتەوە، دادگاکانی کەتن تاکو بڕیاری کۆتای دەدەن، دەسەڵاتی ئەوەیان نییە ئەو کەسانەی سزا (حوکم) دەدرێن لای خۆیان ڕایبگرن ئەگەر پیاو، یا ژن و نەوجەوانیش بێت، ئەوانەی لە سێ مانگەوە بۆ پێنچ ساڵیش حوکمبدرێن ڕاستەوخۆ ڕەوانـــەی بەندیخانەی هەولێر دەکرێن. ئەمەش پەیوەندی بە نەبوونی بەندیخانە و دادگای تاوان هەیە لەم سنووە.

دووپاتی لەوەکردەوە، هەرکاتێک لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران تاوانێک ڕوویدات لە جۆری تاوانەکان (الجنائیات) کە حوکمی تاوانەکان لە ماوەی بەندکردنی لە پێنچ ساڵەوە تاکو بیست و پێنچ ساڵ دەست پێدەکات. لەکاتی ڕوودانی ئەم تاوانانە هاووڵاتییان بۆ داواکردنی مافی خۆیان و بە سزا گەیاندنی تۆمەتباران، دەبێ بە ناچاری ڕوو لە هەولێر بکەن، ئەمەش بارگرانی و زەحمەتێکی زۆری بۆ خەڵکی دەڤەری سۆران و دەوروبەری دروست کردووە .

ئەو پارێزەرە ئاشکرای دەکات، لە سنوری سۆران و قەزاکانی دەورووبەریشی تەنها دادگای بەرایی لییە، لەناو خودی ئەو دادگایەش چەند دادگایەک تر بوونیان هەیە، یەکێک لەم دادگایانە بریتی لە : لە دادگای باری کەسی، تایبەتمەندی ئەم دادگایەش ئەنجامدانی بابەتی هاوسەرگیری، داوایەکانی تایبەت بە جیابونەوەی ژن و مێرد، داوای (پەسەندکردنی تەلاق)، داوای بژێوی ژن و منداڵ ، داوای مافی بەخێوکردنی منداڵ، داوای ڕەچەڵەکی سەلماندن، چەندین داوای دیکە.

هەروەها یەکێک لە دادگاکانی تر بریتی لە : دادگای کەتن کە ئەم دادگایە دەسەڵاتی هەیە حووکم لە سێ مانگ تا پێنج ساڵ لەسەر تۆمەتبار جێبەجێ بکات. وە یەکێک لە دادگاکانی تر ، کە دادگای بەراییە کە کاری ئەم دادگایە پەیوەندی بە بابەتی قەرز، قەرزداری، ئەو داوایانەی تایبەتن بە بابەتی موڵک، دادگەی تاوانەکانی لێ نییە، ئەو کەیسانەی پەیوەندی بە کوشتن و خۆکوشتن و ئەو جۆرە ڕووداوانە هەیە، لە سۆران تەنها لێکۆڵینەوە ئەکرێت و بۆ دادگەی کردن و حکوومدانی تاوانبار بە ناچاری ڕەوانەی هەولێر دەکرێت».

پارێزەر فوئاد، گووتیشی: ئیدارەی سۆران خاوەن شەش قەزا و ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانە و ناوچەیەکی دوورەدەستیشە لە هەولێر، پێویستە دادگای تاوانەکان و بەندیخانەی لێ بکرێتەوە. ئیدارەی سەربەخۆ هەمان سیفەت و دەسەڵاتی پارێزگای هەیە، لە کردنەوەی بەڕێوەبەراتییەکان، بوددجە، دەسەڵاتەکان، لە هەمانکات ئەوانەی حکوومدەدرێن پێویستە لە سۆران شوێنی بەندکردنییان هەبێت.

لای خۆیەوە، توران خدر بەڕێوەبەری چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سۆران، بە زاری کرمانجی ڕاگەیاند: لە ماوەی ڕابردوو بە فەرمی داوای کردنەوەی شەلتەری ئافرەتانمان بۆ سۆران کردووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی داواکاریمان جێبەجێ نەکرا، هەرچەندە زۆریش پێویستە لەو دەڤەرە بوونی هەبێت .

بەڕێوەبەری چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سۆران، دەڵێت:» لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی ئافرەتانیش گفتووگۆمان لەسەر ئەو بابەتە کردووە و دووبارە داوامان کردووە بۆ کردنەوەی شوێنێک بۆ داڵەدان و حەوانەوەی ئافرەت و منداڵ و ئەو کەسانەی کە کێشەیکیان هەیە و چارەسەر نەکراوە .

توران خدر، گووتیشی: بۆ کردنەوەی بەند و سجنیش، هەرچەندە زیاتر پەیوەستە بە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی، بەڵام وەک بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سۆران هەوڵمان داوە و پێداگریمان کردووە بۆ کردنەوەی شوێنی بەندکردن لە سۆران، تا چیتر هاووڵاتییان و کەس و کاری حکوومدراوان تووشی زەحمەت نەبنەوە و حکوومدراوەکانیان لێرە بەند بکرێن».

# بەرپرسی بەرگری شارستانی سیدەکان: ناتوانین وەکو پێویست کۆنترۆڵی ڕووداوەکان بکەین

## ڕائید ڕەوەند هاودیانی: لە هەوڵی کردنەوەی چەند بنکەیەکی بەرگری شارستانین




زاری کرمانجی – سیدەکان:

گوندنشینانی دەشتی هێرتێ و دەشتی بەرازگر لە سنووری قەزای سیدەکان، دابین کردنی تیمی ئاگر کوژێنەوە و بەرگری شارستانی لە سنوورەکانیان بە گرنگ دەزانن و پێیان وایە، بەهۆی دووری ڕێگای گوندەکانیان لە بنکەی بەرگری شارستانی سیدەکان، لە کاتی ڕووداوەکانی سووتان زەرەر و زیانێکی زۆریان پێ دەگات .

گووتەبێژی بەرگری شارستانی سۆرانیش، دەڵێت:» لە هەوڵی زیادکردنی بنکەی بەرگری شارستانین بە تایبەت لە سنووری ناحیەی کانیەڕەش.

عەبدوڵلا شێخۆ موختاری گوندی نزاریە لە سنووری دەشتی هێرتێ سەر بە قەزای سیدەکان، بە زاری کرمانجی گووت:» تەنها لە سنووری دەشتی هێرتێ ٥٨ گوندی ئاوەدان بوونیان هەیە، کە گوندەکان چەندین کیلۆمەتر لە سەنتەری قەزای سیدەکانەوە دوورن، بۆیە ئەم دەڤەرە زۆر پێویستی بە بنکەیەکی بەرگری شارستانی هەیە، بۆ کۆنترۆڵ کردنی هەموو ڕووداوێکی نەخوازراو کە لەو سنوورە ڕوربدات.

لەبەردەوامی قسەکانیدا، موختاری گوندی نزاریە، گووتی:» لە سنووری دەشتی هێرتێ هەر ڕووداوێک ڕوربدات بەتایبەت سووتان، گومان لەوە دانییە تا تیمەکانی بەرگری شارستانی سیدەکان دەگەنە شوێنی مەبەست، ئەوا کار لەکار دەترازێ! هۆکارەکەش دووری ڕێگایە نەک کەمتەر خەمی تیمەکانی بەرگری شارستانی، بۆیە بە پێویستی دەزانین بۆڕاچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتییان و پاراستنی سەرومالییان، حکوومەت هەر نەبێت تیمێکی تایبەت و ئۆتۆمبێلێکی ئاگرکوژێنەوەمان بۆدابین بکات، ئێمەش وەک هاووڵاتییانی گوندی نزاریە بەهەموو شێوەیەک هاوکارییان دەبین بە پێدانی خانوو بەتەواوی پێویستیەکانیەوە لە نزیک دام و دەزگاکانی دیکەی حکومەت لە نزاریە، ئامادەشین بۆ هەر هاوکاریەکی لە توانامان دابێت ئەنجامی بدەین، تەنها تیمێکی ئاگرکوژێنەوەمان بۆ دابین بکرێت.

عەبدولڕەزاق ئەحمەد موختاری ناحیەی کانیەڕەشە لەسنووری قەزای سیدەکان، بە زاری کرمانجی گووت:» لە دەشتی بەرازگر بە تایبەت سەنتەری ناحیەی کانیەڕەش نزیکەی ٢٥٠ ماڵی لێ نیشتەجێیە، بێجگە لە گوندەکانی دەوروبەرمان، ناوچەیەکی دوورەدەستیشە، بەهۆی نەبوونی تیمی ئاگرکوژێنەوە لە سنوورەکەمان و دووری بەرگری شارستانی سیدەکان، لە ڕابردوو زیانی زۆر بە هۆی ڕووداوی ئاگر و سووتان بەر هاووڵاتییانی سنوورەکەمان کەوتووە .

ئەو موختارە، دووپاتی لەوەکردەوە، پێشتر کانیەڕەش گوند بوو، ماوەی دووساڵ زیاترە کراوەتە ناحیە، بەڵام تا ئێستا بنکەی بەرگری شارستانی لێ نەکراوەتەوە، داواکارین لە ڕێگەی زاری کرمانجی بنکەیەکی بەرگری شارستانی لە سنوورەکەمان بکرێتەوە تا سەروماڵی هاووڵاتییان پارێزراو بێت و بەهۆی ڕووداوی نەخوازراو و سووتان زیانی ماددی و گیانیان پێ نەگات.

مفەوەز حەسەن فەتاح بەپرسی بنکەی بەرگری شارستانی سیدەکان، بۆ زاری کرمانجی ئاماژە بەوەدەدات:» بەهۆی دووری گوندەکانی سنووری دەشتی هێرتێ و دەشتی بەرازگر لە سەنتەری قەزای سیدەکان، هەر ڕووداوێک کە لەو شوێنانە و گوندەکانیان ڕوودەدات، ناتوانین وەکو پێویست و لەکاتی خۆیدا کۆنترۆڵی بکەین، بۆیە زۆر پێویستە تیمێکی ئاگر کوژێنەوە بۆ سنووری دەشتی هێرێت و بەرازگر دابین بکرێت، چونکە ناوچەکە زۆر لە ئێمە دوورن.

زیاتر گووتی:» چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا ڕووداوێکی ئاگر کەوتنەوە لە سنووری کانیەڕەش ڕوویدا، بەهۆی دووری ڕێگا تیمەکانی بەرگری شارستانی پیران و مێرگەسۆر پێش ئێمە گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، بۆیە ئەگەر تیمێکی ئێمە لەوێ جێگیر بکرێت ئەوا زووتر ئەو جۆرە ڕووداوانە کۆنترۆڵ دەکات.

لای خۆیەوە، ڕائد ڕەوەند هاودیانی گووتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی سۆران، بە زاری کرمانجی ڕاگەیاند:» بەهۆی بەرفراوانبوون و زیادبوونی چەند ناحیەیەک لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیمان، لەپلانماندایە ژمارەیەک بنکەی بەرگری شارستانی لە ناحیەی کانیەڕەشی سیدەکان و سنووری قەزای خەلیفان زیاد بکەین.

گووتەبێژی بەرگری شارستانی سۆران، دووپاتی لەوەکردەوە، بێگومان کردنەوەی بنکەی نوێ پێویستی بە میلاکی زیاتر هەیە، بۆیە پێویستە بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕێگەچارەیەک بۆ دابینکردنی میلاکی پێویست بدۆزرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرووی خۆمان ئاگادار کردۆتەوە و هەوڵی ڕژد دەدەین لەو شوێنانەی پێویستی بە بنکەی بەرگری شارستانی بێت لێی بکەینەوە .

سنووری قەزای سیدەکان یەکێکە لە قەزا بەرفراوانەکانی کوردستان و لە ڕووی ئیداریەوە سەر بە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، ڕووبەری جوگرافیای ئەو قەزایە زیاترە لە ٦٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە، خاوەنی ناحیەیەک و ٢٥٠ گوندە و ڕێژەی دانیشتوانی زیاتر لە ٢٠ هەزار کەسە.

# هۆبەی دارستان و پاوانی ڕواندز هۆشداری بە هاووڵاتییان دەدات

## چالاکوانێکی ژینگەپارێزی: پابەندبوون بە ڕێنماییەکان ڕێگری کردنە لە کەوتنەوەی ئاگر و وێرانکردنی ژینگە



## «هاووڵاتییان پێویستە ڕەچاوی ڕێنماییەکان بکەن»

راپۆرت-زاری کرمانجی

هۆبەی دارستان و پاوانی ڕواندز، بە دورشمی "دارستان سەرچاوەی ژیانە، بە ئاگر مەی سوتێنە" چەند ڕێنماییەک بۆ هاووڵاتییان بڵاودەکاتەوە، داواکاریشن هەموو لایەک پابەندبن بۆ پاراستنی ژینگە لە مەترسی ئاگر و ڕێگری کردن لەو جۆرە ڕووداوانەی کە زیان بە ژینگە دەگەیەنن.

لای خۆیەوە ئەرشەد سەدیق، چالاکوانی ژینگە پارێزی بە زاری کرمانجی ڕاگەیاند: « ئەرکە هەمووان پابەندبن بەو ڕێنماییانەی لەبارەی پاراستنی ژینگە بە هاووڵاتییان دەدرێت، چونکە هەر ڕووداوێکی نەخوازرا و یان ئاگر کەوتنەوە زیانێکی یەکجار زۆر بە پوش و پاوان و زیندەوەرەکان دەگەیەنێت، جگەلەوەش زۆربەی جاران زیانی گیانی و ماددی زۆری لێدەکەوێتەوە».

گووتیشی: « ڕێنماییەکانی هۆبەی دارستان و پاوانی ڕواندز، جێگەی دەستخۆشی کردنن، کە بەشێوەیەکی ورد و زانستیانە ئاراستەی هاووڵاتییان کراون، ئەگەر هەموو لایەک بەیەکەوە هاوکاربین و ڕێنماییەکان وەربگرین، بەدڵنیاییەوە هیچ ڕووداوێکی ئاگر کەوتنەوە سەر هەڵنادات، چونکە زۆربەی ئەو جۆرە ڕووداوانە بەدەستی مرۆڤەکانە جا چ بەدەستی ئەنقەست بێت یان بە نائاگایی بێت، دواجار کارەسات بەدوای خۆیەوە دەهێنێت.

هاوژین خورشید، بەرپرسی هۆبەی دارستان و پاوانی ڕواندز، رایدەگەیەنێت: « دوا بەدوایی چاودێری چڕی بەردەوامی هۆبەی دارستان و پاوانی ڕواندز، لە پێناو پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکان، بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، بۆ ڕێگری کردن لە مەترسیی ئاگر، پێویستە ئاگاداربن و هەوڵی جددی بدرێت لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی گوندەکان، گەشتیاران و شوانکاران، هەنگەوانان، بە تایبەت ماتۆڕسوارەکان.

ئاماژەی بەوەشکردووە، ئەوهاووڵاتییانەی دەچنە ناو دارستان و پاوانەکان و چیاکان بۆ ئەوەی ژینگە لە ئاگر پارێزراو بێت، پێویستە هاووڵاتییان ڕەچاوی ئەو ڕێنماییانە بکەن:

ڕێنماییە گرنگەکان لەهۆبەی دارستان و پاوانی ڕواندز:

*جگەرەکێشان لە ناو دارستان مەترسییدارە، خۆڵەمێشی جگەرە دەتوانێت بە ئاسانی ئاگر دروست بکات.

*بەکارهێنانی (خەڵوز)ی نێلگرە و کێشانی لەناو دارستانەکان بۆتە دیاریدە بەمەش مەترسی ئاگر زیاد دەکەن.

*بە جێهێشتنی شووشە و ماددەیی پلاستیکی بەهۆی عەدسی، لە بەرانبەر خۆر یان ڕووناکیی دەتوانێت ئاگر دروست بکات.

*چوونە ناودارستانەکان بە(ماتۆرسکیل) گەرمیی دەفرەکان و تەقینەوەی بەنزین گەورەترین مەترسین، بەتایبەتی لە ناوپووش و پەڵاشدا.

*لە بەرەبەیان و ئێواران، ئەو کاتە بایی توند هەیە، زیاتر وریابن، چونکە ئاگر خێرا بڵاودەبێتەوە، بچووکترین ئاگر گەورەترین کارەسات دروست دەکات.

* کردنەوەی ئاگر، بۆ مەبەستی چێشت گەرمکردنەوە دڵنیابنەوە، پێش جێهێشتنی شوێنەکە، کە بەتەواوی کوژاوەتەوە

* پاشماوەی خواردن و زبڵ، لە دارستانەکان مەهێڵنەوە، چونکە دەتوانن لەژێر زەوی بسوتێن و ئاگرێکی شاراوە دروست بکەن.

زیانەکانی ئاگر بۆ ژینگە:

– هەزاران داری کۆن و بەنرخ کە سەدەها ساڵە لە ناوچەکەدا ڕەگەکانیان داکوتیووە، لە چەند خولەکێکدا دەسوتێن و دەبنە خۆڵەمێش.

– ئاگر تێکدەری پێکهاتەی خاکە و بەرهەمی خۆراکی خاک کەم دەکات.

– دارستانەکان سەرچاوەی سەرەکیی ئۆکسجینن، ئاگرکەوتنەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە، لەسەر کەمی ئۆکسجین.

– هەندێک جۆری دار و ئاژەڵ تایبەتن بە ناوچەکە و لەناوچوونیان کاریگەریی درێژخایەنی دەبێت.

– پاش هەر ئاگرێک، پێویستی بە ٥٠-١٠٠ ساڵە تا دارستان خۆی چاک بکاتەوە.

*زیانە ئابوورییەکان:

•ئاگرکەوتنەوە لە دارستان و ژینگە سروشتییەکان تەنها زیانێکی سروشتیی نییە، بەڵکو زیانێکی گەورەی مادییش بۆ مرۆڤایەتیی و کۆمەڵگە دروست دەکات. ئەم زیانانە دەتوانن کاریگەریی(ئابووریی،کۆمەڵایەتیی،تەندروستی)یان هەبێت.

•لەناوچوونی دارستانەکان: دارستانەکان سەرچاوەی دار و خۆراک و دەرمانن، کە لەناوچوونیان بەهۆی ئاگر ئابووری خەڵکی ناوچەکە تێکدەدات.

– لەدەستدانی خاکی کشتوکاڵی: خاکی خاوێن و بەپیت بە ئاگر تێکدەچێت و بۆ چەندین ساڵ ناتوانرێت کشتوکاڵی تێدا بکرێت. ئاگرکەوتنەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر (پیشەسازیی دار، کاغەز ، خۆراک، کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەم و زیانگەیاندن بە ئابووری ناوچەکە.

– تێچووی کوژاندنەوەی ئاگر: فەرمانی فریاگوزاری و حکومەت ملیۆنان دینار خەرج دەکەن بۆ کوژاندنەوەی ئاگر و چاککردنەوەی زیانەکان.

زیانە کۆمەڵایەتییەکان:

– خەڵکی گوندنشین ناچار دەبن گوندەکانیان بەجێبهێڵن، ماڵ و سامانیان لە چەند خولەکێکدا دەسوتێت.

– لە دەستدانی سەرچاوە داهات، وەک: کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی.

– کەمبوونەوەی سەرچاوەی خۆراک: ئاژەڵ و ڕووەک کە بەهۆی ئاگر دەمرن، قەرزاری خۆراکی دروست دەکەن.

– کەمبوونەوەی دەرفەتی کار: دارستانەکان دەرفەتی کار بۆ شوانەکان، هەنگەوانان، و گەشتیاری دابین دەکەن، کە لەناوچوونیان بیکار دەکات.

زیانە تەندروستییەکان:

– پیسبوونی هەوا : ژینگە دووکەڵی ئاگر هەوای ناوچەکە پیس دەکات و دەبێتە هۆی نەخۆشییە هەناسییەکان.

– زیان بۆ چاندن و خۆراک: خاکی خاوێن لەناودەچێت و کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی کاریگەری لەسەر خۆراکی مرۆڤ دەبێت.

– کێشە هەناسەییەکان: دووکەڵی ئاگر کەوتنەوە ژەهراویە و دەتوانێت کێشەی هەناسەیی درووست بکات، بەتایبەتی بۆ منداڵان و کەسە بەساڵاچووەکان.

– فشاری دەروونی: بینینی زیانێکی ئابووری و ژینگەیی دەتوانێت فشاری دەروونی و دڵەڕاوکێ بۆ خەڵکی ناوچەکە درووست بکات.

سزای یاسایی :

– هەر کەسێک بە شێوەیەکی ئەنقەست یان بێ ئاگایی ببێتە هۆی ئاگرکەوتنەوە لە دارستان، پاوان، یان شوێنە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان، بەرپرسیارە لەبەردەم یاساو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت."

# کۆمپانیایەک چاودێری ٢٢ شارەوانی ئیدارەی سۆران دەکات

## «داوا لە هاووڵاتییان دەکرێت پارێزگاری لە سەوزایی و دار و درەختەکانی شار بکەن»






راپۆرت-زاری کرمانجی

بەمەبەستی خزمەتکردنی پارک و باخچەکان لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کۆمپانیایەکی تایبەت بەو بوارە دامەزراو بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سۆرانیش داوا لە هاووڵاتییان دەکات لە کەمتەرخەمی و خزمەتنەکردنی وەک پێویست ئاگاداریان بکەنەوە. دانیشتووانی شارو شارۆچەکانی ئیدارەی سۆران، لە ڕێگەی زاری کرمانجی دڵخۆشن بە دەستبەکاربوونی ئەو کۆپانیاییە لە سۆران لەپێناو زیاتر کردنی ڕێژەی سەوزایی لە دەڤەرەکە، نیگەرانی خۆشیان دەردەبڕن لەو هاووڵاتییانەی کە لە سەنتەری شارو شارۆچکەکانی سنوورەکە ئاژەڵ بەخێودەکەن و بەڕەڵڵای سەر شەقام و شۆستەکان و گەڕەک و کۆڵانەکانیان دەکەن و زیان بە سەوزایی و دارو درەختەکان دەگەیەنن».

لە ڕێگەی زاری کرمانجییەوە داواکارن لەو کۆمپانیایەی کە تایبەت بە چاودێری پارک و سەوزایی و باخچەکانی ئیدارەی سۆران دەستبەکاربووە، بەر لە هەموو شتێک بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، دیاردەی بەڕەڵلاکردنی ئاژەڵەماڵییەکان بۆ ناو کۆچەو کۆڵانەکانی شار قەدەغە بکەن، چونکە ساڵانە زیانێکی زۆر بە سەوزایی و درەختەکان دەگەیەنن».

لای خۆیەوە ڕێکان عەلی، بەڕێوەبەری پارک و باخچەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی سۆران بە زاری کرمانجی راگەیاند» کۆمپانیایەکی تایبەت بە کاری ئاودان و خزمەتکردنی دار و شۆستەکان دەستی بەکارەکانی کرد ٢٢ شارەوانی سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی ئیدارەی سۆران گرێبەستی ئەو کۆمپانیایە بۆ ماوەی سێ ساڵە، وەک بەشی پارک و باخچەکانی بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی ئیدارەی سۆران».

گووتیشی: « سەرەڕای بەدواداچوونی بەردەوام بۆ کارەکانی کۆمپانیا لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتییمان، هاووڵاتییان لە هەر شوێنێک کەمتەرخەمیان بینی لە رووی خزمەتکردنی دارو شۆستەکان و پارک و باخچەکان پەیوەندیمان پێوە بکەن بە مەبەستی بەدواداچون و چارەسەرکردنی کەم و کورتییەکان».

ڕێکان عەلی، ئاماژەی بەوەشدا « داوا لە هاووڵاتییان دەکەین هاوکاریمان بکەن بە تایبەتی خاوەن ئاژەڵەکان، چونکە لە زۆربەی شارەوانییەکان شوێنی دەست بەسەرداگرتنی ئاژەڵەکان کراوەتەوە بۆ ئەوەی تووشی سزای ماددی و لێپرسینەوەی یاسایی نەبن، سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی سۆران نییە.

## سەرۆکی شارەوانی بلێ:

# چەندین پڕۆژەمان لە بواری جێبەجێ کردنن

## «ڕەزامەندی تەرخانکردنی گۆژمەیەک دراوە بۆ ئەنجامدانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان»





دیدار-مستەفا دۆڵەمەری

سەرۆکی شارەوانی بلێ لە سنووری قەزای مێرگەسۆر، لە دیدارێکی زاری کرمانجیدا، تیشک دەخاتە سەر کار و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانیان و بەرنامە و پلانی داهاتوویان دەشلێت:» بۆ ئەمساڵ نزیکەی ٣ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دینار ڕەزامەندیمان وەرگرتووە بۆ ئەنجامدانی چەند پڕۆژەخزمەتگوزارییەکان، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی بۆ ماوەیەکی کاتی ڕاگیراو.

لە بەردەوامی قسەکانیدا نادر محەممەد، سەرۆکی شارەوانی بلێ بە زاری کرمانجی ڕاگەیاند :» بە هاوکاری و پاڵپشتی مەلا مستەفا مەسعود بارزانی، بێ بەش نەبووینە لە ئەنجامدانی پڕۆژە خزمەت گوزارییەکان و لە ئێستادا پڕۆژەیەکی راستەوخۆ هەیە لە نێو کۆڵانەکانی شارۆچکەی بلێ بە گۆژمەی ٩٨ ملیۆن دینار، پڕۆژەیەکی تری قیرتاو کردنمان هەیە بە گۆژمەی ٣٧٦ ملیۆن دینار، لە ئێستادا کارەکانی بەرەو کۆتایی بوون دەڕوات ٪٨٠ کارەکانی تەواو کراوە و لەماوەیەکی نزیکدا جێبەجێ دەکرێت و دەخرێتە خزمەت هاووڵاتییان، تەنها ئەمساڵ نزیکەی ٣ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دینار ڕەزامەندیمان وەرگرتووە بۆ ئەنجامدانی چەند پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی بۆ ماوەیەکی کاتی ڕاگیراون».

سەرۆکی شارەوانی بلێ، دەشلێت:» بەهۆی پڕۆژەی ئاوی ٥١ گوندی دەڤەری بارزان، پڕۆژەی گەورەمان ئەنجام نەداون واتە بووەتە ڕێگر لەبەردەم کارەکانمان تاوەکو ئەو پڕۆژەیە تەواو نەکرێت ناتوانین هیچ کارێک و پڕۆژەیەک ئەنجام بدەین وەک قیرتاوکردنی شەقامەکان، چوونکە دواتر بە هەر هۆکارێکی لە کار کەوتن گرفت بۆ ڕێگەوبانەکانمان دروست دەبێت، بۆیە پێویستە سەرەتا کێشەی ئاو چارەسەر بکرێت، بەڵام هەوڵ و خەمخۆری لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ماوەیەکی نزیکدا ئەو پڕۆژەیە کارەکانی بە کۆتا دێت و دەخرێتە خزمەت هاووڵاتییان، ئاساناکاریش بۆ پڕۆژەکانی ڕێگاو بان دروست دەبێت».

ئاشکراشی دەکات :» بۆ ساڵی داهاتوو چەندین بەرنامە و پڕۆژە لە پلانمان دایە وەک دروستکردنی دووسایدی ڕێزان بۆ بلێ، لە ئێستادا کاری لەسەر ئەوە دەکەین و دەرخستەمان بۆ کردوون شتێکی وای نەماوە لە ماوەیەکی نزیکدا دەست بە کارەکانی دەکرێت و ئەم پڕۆژەیە لە پڕۆژە هەرە گرینگەکانە، بۆ فراوانکردنی ڕێگای ڕێزان و بلێ، چونکە زۆر لە مێژە درووست کراوە دەستکاری نەکراوە، بۆیە دەکرێتە جوود ساید تا بلێ، هەر کاتێک ئەم قەیرانە داراییە کۆتای پێ هات چەندین پڕۆژەی دیکەمان هەن جێبەجێیان بکەین بە ئامانجی زیاتر خزمەتکردن بە هاووڵاتییان».

ئاشکراشی دەکات:" تا ئێستا زەوی تاپۆ لە سنووری شارەوانیمان نییە، بۆ ئەمەش پێویستی بە ماستەر پلان و نەخشەی بنەڕەتی هەیە، هەر کەسەو ئەو زەویەی هەیەتی لە باب و باپیرانییەوە بۆی ماوەتەوە، بەڵام لەکاتی دروست کردنی خانوو یان باڵەخانەیەک شارەوانی لێ ئاگادار دەکرێتەوە و ئێمەش لیژنەیەک بەسەرپەرشتی ئەندازیارێک بۆ شوێنەکە ڕەوانە دەکەین و بەپێی ڕێنمایەکان ڕێگە پێدانیان بۆ دەکەین، بەشێوەیەک زێدەڕۆی نەکرێتە سەر شەقام و زیان بە بەرژەوەندی گشتی نەگەیەنێت، خۆشبەختانە خەڵکەکە زۆر هاوکار و یارمەتیدەرمانن».

نادر محەممەد، سەرۆکی شارەوانی بلێ، ئاماژەی بەوەشدا:» زیاتر لە ٣٠ فەرمانگەی حکوومی لە شارۆچکەی بلێ هەن و هەمووشیان بەشێوەیەکی ڕێک دروست کراون بۆ خزمەت کردنی هاووڵاتییان. شارۆچکەی بلێ ڕووبەرێکی فراوانی هەیە، لە ڕووی ئیدارییەوە مێژوویەکی کۆنی هەیە و لە دەستپێکی سەدەی بیستەم مەرکەزی قەزی زێبار بووە و ئێستاش ناوەندی ناحیەی بارزانە، ژمارەیەک باڵەخانەو ئیدارەی حکوومی تێدایە و زیاتر لە ١٥٠٠ماڵی تێدایە، بەشێوەیەکی گشتی زیاتر لە ١٦ جارە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە دەڤەری بارزان هاتۆتە سووتاندن و تۆپبارانکردن و خەڵکەکەی ئاوارە و دەربەدەربوونە و هەزاران کەس شەهید و بریندار بووە و کراوەتە قوربانی ، بۆیە هەرچەند خزمەتگوزاری پێشکەش بە خەڵکی دەڤەرکە بکرێت هێشتا هەرکەمە.

## سەرۆکی ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە:

# ساڵانە بەهۆی کەمتەرخەمی کەسانێک زیانی زۆر بەر ژینگەی ئیدارەی سۆران دەکەوێت



دیدار-زاری کرمانجی

سەرۆکی ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە، لە دیدارێکی زاری کرمانجی دەڵێت: «ساڵانە لەم وەرزەدا گەشتیارێکی زۆری ناوخۆیی و شارەکانی عێراق و هاووڵاتییان ڕوو لە سەیرانگەو ناوچە گەشتیارییەکانی ئیدارەی سۆران دەکەن، گرنگە هەموو لایەک ژینگە دەڤەرەکە بپارێزن.

سیروان شێخ حاجی، سەرۆکی ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە، بەزاری کرمانجی ڕاگەیاند: «هیواداین گەشتیارەکان پابەندی ڕێنمایی و پارێزەری ژینگەی کوردستان بن، بەتایبەتیش لە ڕۆژانی پشوو بۆنەکان یان ئەو وەرزی هاوین و وەرزی گەرما گەشتیارێکی یەکجار زۆر ڕوو لە سەیرانگەو شوێنە گەشتیارییەکان و ناوچەی کوێستانیەکانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران دەکەن، زۆربەشیان گەشتیاری شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقن، هەروەک هەڵکەوتەی جوگرافیای ئیدارەی سۆران ژینگەی سروشتی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار، مێژووی گەشتیاری ئەم ڕاستیەی سەلماندوە کە ژینگەی پاک و تەندروست هۆکاری سەرەکی ئاسوودەی مرۆ ڤ و زیندەوەران و بەرەوپێشچوونی گەشتوگوزارە».

ئاماژە بەوەش دەدات: « وەک ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە هاتنی هەر وەرزێکی ساڵ لەدەستپێکدا پەیامی هۆشیاری خۆمان بڵاودەکەینەوە، لە ڕووی پاراستنی سروشت و ژینگەی کوردستان لەکاتی هاتنی گەشتیاران بۆ ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، چونکە هەر چوار وەرزی ساڵ گەشتیار سەردانی ئەم دەڤەرە دەکەن بەتایبەت لە وەرزی گەرمادا، ناوچەیەکی گرنگ و هەستیارە لە ڕووی ژینگەییەوە بڵاوکردنەوەی ڕێنمای ژینگەی لە ڕێگای نامیلکە یان لە ڕێگاری ڕۆژنامەو دەزگای میدیایەکان و زۆرجاریش لەڕێگای ونار و وەرک شۆپ هۆشیاری ژینگەیی بلاودەکەینەوە، ئەگەر لە ڕووی ماددیەوە هاوکاری مان بکرێت کاری باشتر دەکەین بۆ گەیاندنی پەیامی هۆشیاری ژینگەیی .

بەرپرسی ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە، دەشڵێت: «ساڵانە بەهۆی کەمتەرخەمی کەسانێک ئاگر لە پوش و پاوان بەردەبێت و زیانێکی زۆر بە ژینگەی دەڤەرەکە دەگات، هەروەها کەسانێک هەن بەدەستی ئەنقەست ئاگر لە پوش و پاوان و دارستان بەردەدەن، دواجار زیانێکی زۆر بەدوای خۆیەوە دەهێنێت و ڕووبەرێکی زۆری پوش و پاوان و دارستان دەسووتێت، هەروەها زۆرجار فڕێدانی شوشەی پاشماوەی خواردنەوە شەربەت و ئاو وگازییەکان بۆ ناو پۆش و پاوان، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا لەکاتی لێدانی تیشکی خۆر دەبێتە هۆی دورست بوونی ئاگر، پیویستە گەشتیاران سەردانیکەران لەوە هۆشیار بکرێنەوە، کە لەکاتی بەکارهێنانی خواردنەوەکان لەناو ماددەی شوشە لەکاتی گەشت کردن یان پاش ماوەکانی خۆیان کۆبکەنەوە، بهێنە شوێنی تایبەت بۆ ئەوەی نەبێتە وێرانکاری ژینگەی لەوەرزی هاویندا، هەروەها هەڵکردنی ئاگر یان فڕێدانی جگەرە دەبێتە هۆی دورست بوونی ئاگر بە تایبەت لە ناوچە شاخاوییەکان .

سیروان شێخ حاجی، ئەوەش دەخاتەڕوو: «هەماهەنگی زۆر باشمان هەیە لەگەڵ دامودەزگاکان تایبەت فەرمانگای ژینگەی سۆران و بەرگری شارستانی سۆران و شارەوانی بەشێک لە ڕێکخراوەکان، بۆ زیاتر گرنگیدان بە پاراستنی ژینگە تایبەت میدیاییەکان و ڕاگەیاندکارو ڕۆژنامەکان لەم دەڤەرە بۆ زیاتر بڵاوکردنەوەی پەیامی هۆشیاری ژینگە پارێزی لە ڕووی خاک و هەوا و ئاو ژینگە بە گشتی».

لە دوا قسەکانیدا بەرپرسی ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە، دەڵێت: «ئەو ڕێکخراوانەی لە بواری جۆار و جۆر کار دەکەن، دەبێت لە ڕووی ماددی و مەعنەوی هاوکاربن بۆ ئەوەی زیاترکاری خۆبەخشی خۆیان بکەن بەشێوەیەکی بەرفراوان کاری باشتر تایبەت ڕێکخراوی ژینگەیی، ئەگەر ئەو هاوکاریە نەبێت، ناتوانن کاری خۆیان بکەن بەجددی نەبوونی هاوکاری دەبێتە خەم ساردی لە کارکردن، ڕێگریە لە بەردەم ئەوخزمەتەی کەساڵانە دەیکەن و چەندین ڕێگای تر.



«ئەرکە گەشتیاران سەیرانگە و ناوچە کوێستانییەکان پاک ڕابگرن»

## بەڕێوەبەری ڕاهێنان و پەرەپێدانی پەروەردەیی:

# بۆ ساڵی نوێی خوێندن پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان فراوانتر دەکرێت



سەنار شاکر- زاری کرمانجی:
مامۆستا یەحیا ڕزا سەیدگوڵ، بەڕێوەبەری ڕاهێنان و پەرەپێدانی پەروەردەیی لە نووسینگەی وەزیری پەروەردە، لە بارەی ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایان لە دیدارێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی زاری کرمانجی دەڵێت: پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان نەک بەردەوام دەبێت، بەڵکو فراوانتر دەکرێت. دەشڵێ: مامۆستایانی ڕاهێنەر توانیان لەڕێگەی میتۆدەکان گۆڕانکاری لە شێوازی وانەوتنەوە لە ناوەندەکانی خوێندندا دروست بکەن.

*ئایا پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان بەردەوام دەبێت یان کۆتایی پێ دێت؟

–پرۆسەی ڕاهێنان ئەوە بۆ دوو ساڵە بەردەوامە و دوو تەوەری گرنگی لە خۆی گرتووە لەوانە میتۆد و تەکنەلۆجیای زانیاری، بۆ تەواوی مامۆستایانی کوردستان بۆ هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی گوتراوەتەوە و لە ئێستادا بەرنامەڕێژی دەکەین بەمەبەستی کردنەوەی خول بۆ تەوەری سێیەم بۆ مامۆستایانی ڕاهێنەر و دواتر لەڕێگەی ئەو مامۆستا ڕاهێنەرانە بگات بە مامۆستایەکانمان لە ناوەندەکانی خوێندن، بۆیە هیچ بەربەستێک نییە ببێتە هۆی کۆتایی پێهێنانی ئەم پرۆسەیە، بەردەوامین لە دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکان تا لە ساڵی داهاتوو بە باشترین شێوە ئەم پرۆسەیە جێبەجێ بکرێت، وەک بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پەروەردەیی لە نووسینگەی وەزیر بەردەوام لە هەماهەنگیداین لەگەڵ زانکۆ و پەیمانگە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کەسانی پسپۆڕ لە بوارێکی تایبەت و پێویست بە مەبەستی کردنەوەی خول بە تایبەتی بۆ مامۆستایانی ڕاهێنەر و مامۆستایانی دیکەش لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان.

* ئایا گۆڕانکارییەکان کاریگەریان دەبێت لەسەر ستراتیجی ڕاهێنانی مامۆستایان؟

– لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسەیە پرۆژەیەکی ستراتیجی وەزارەتی پەروەردەیە لە کابینەی نۆیەم سەرۆک وەزیران ڕەزامەندی لەسەردا لە هەر حاڵەتێکدا ئەگەر وەزیریش لە پۆستەکەی نەما و وەزیرێکی تر هاتە شوێنی بە هیچ شێوەیەک ئەم پرۆژەیە ناوەستێت و بەردەوام دەبێت.

* ئایا لەبەرنامەی ئێوەدا نییە بڕوانامەی TOT بدەنە ڕاهێنەران یان هەر ئیمتیازاتێکی دیکە؟

– ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەین بزانین چەند ڕاهێنەر بە کردەیی لەناو ئەم پرۆسەیەدا بەردەوامن، بۆ ئەو مەبەستە داوای ناوەکانی ئەوانمان کردووە لە هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان تا بتوانین لە نزیکترین کات بڕوانامەیان بۆ ئامادە بکەین، لە هەمان کاتدا وەزیری پەروەردە هیچ کات درێغی ناکات بۆ ماموستایانی ڕاهێنەر.

* هەوڵتان نەداوە لەڕێگەی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەرفەتی خوێندن بۆ ڕاهێنەرەکان بڕەخسێنن؟

– بەڵێ، بۆ ئەو مەبەستە نووسراومان بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا کردووە و چاوەڕێی وەڵامی ئەوانین.

*ڕاهێنەر دەتوانێت سکولەرشیپ وەربگرێ، ئایا ئێوە مۆڵەتی خوێندن دەدەنێ؟

–وەرگرتنی سکۆلەرشیپ پەیوەندی بەو زانکۆیەوە هەیە کە مامۆستای ڕاهێنەر داواکاری پێشکەش دەکات و مۆڵەتەکەش لای بەڕێوەبەرایەتی مۆڵەتەکانە.

*بەرنامە و پلانتان چییە بۆ ساڵی داهاتوو؟

– لەسەر هەمان بەرنامەی پێشوو بەردەوام دەبین و تەوەرێکی نوێی ستراتیجی ڕاهێنانیش بەشێک دەبێت لە پرۆسەکە.

*لەڕووی داراییەوە چ بۆ مامۆستایانی ڕاهێنەر دەکرێت، ئایا هیچ شتێکی نوێ هەیە؟

– تا ئێستا وەکو خۆیەتی و لە داهاتووشدا ئەگەر باری دارایی حکوومەتی هەرێم باش بوو هەوڵ دەدەین ئیمتیازاتی زیاتر بۆ مامۆستایانی ڕاهێنەر دەستەبەر بکەین.

*هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە بۆ پرۆسەی ستراتیجی ڕاهێنانی مامۆستایان؟

–ڕاستگۆیانە بڵێین ئەم پرۆسەیە ڕووبەڕووی هەندێک کێشە و گرفت بوویەوە، چونکە شێوازێکی نوێی ڕاهێنان بوو، بەڵام خۆشبەختانە کێشەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچن، چونکە ئێمە بەردەوام بەدوای چارەسەرکردنی کێشەکانین، بۆیە دەتوانین بڵێین لە چەند ساڵی داهاتوودا بەرهەمی ئەم ڕاهێنانە و گۆڕانکارییەکان زیاتر و باشتر بەدی دەکرێن.

*پەیامی ئێوە بۆ مامۆستا و ڕاهێنەرەکان چییە؟

–پەیاممان بۆ مامۆستایانی ڕاهێنەر ئەوەیە دەستخۆشیان لێدەکەین ئەرکیان بەرزدەنرخێنین، دەبێت ئەمەش بڵێین دەبێت بزانین دوو جۆر فێرکردن هەیە فێرکردنی بچووک و فێرکردنی گەورەکان، ئەوەی ئەوان ئەنجامی دەدەن فێرکردنی گەورەکانە، بۆیە ئەرکیان قورسە ئەمەش پێویستی بە توانا و کارامەیەکی زۆر هەیە کە پێویستە مامۆستایانی ڕاهێنەر خۆیان ئامادە بکەن و خۆیان تواناداربکەن بۆ ئەم جۆرە فێرکردنە لە ڕاهێنان لەڕێگەی خوێندنەوە و بەشداریکردن لە خول و سیمینار و ڕێگەی فێربوونی بەردەوام، سوپاسی مامۆستایانیش دەکەین کە توانیان لە ماوەیەکی کەم ئەو هەموو میتۆدانە وەربگرن و گۆڕانکاری لە شێوازی وانەوتنەوە لەناو ناوەندەکانی خوێندندا دروست بکەن.




**مامۆستایانی ڕاهێنەر توانیان لەڕێگەی میتۆدەکان گۆڕانکاری لە شێوازی وانەوتنەوە لە ناوەندەکانی خوێندندا دروست بکەن**

---

# فریادڕەسێکی نوێ بۆ قوتابییانی زانکۆ و پەیمانگەکان

## ژیری دەستکرد یارمەتیدەرە لە دەستکەوتنی زانیاری



شەهلا حسێن



ڕێناس فارۆق



د. تاڵب محەممەدشەریف



محەممەد جەلال

مستەفا دۆلەمەری – زاری کرمانجی:

ژیری دەستکرد پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژیایە و بریتییە لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە بە مرۆڤ جێبەجێ دەکرێن کە لەڕێگەی پرۆگرامی کۆمپیۆتەرەوە دەکرێن، لە سەردەمی گەشەی خێرا و بێ وەستانی تەکنەلۆژیا، بەکارهێنانی ئامرازە دیجیتاڵییەکان بۆ فێرکاری و گەیشتن بە زانیاری بۆتە بەشێکی سەرەکی لە ژیانی قوتابییاندا، بە تایبەتی لە زانکۆ و پەیمانگەکان. لەم ڕاپۆرتەدا، ڕاوبۆچوونی چەند قوتابی و مامۆستایەک وەردەگرین کە باس لە لایەنی باش و خراپی ژیری دەستکرد دەکەن.

ڕێناس فارۆق، بەڕێوەبەری بەشی تەکنۆلۆژیای زانیاری لە زانکۆی سۆران، بە زاری کرمانجی ڕاگەیاند، ژیری دەستکرد وەکو لقێک لە زانستی کۆمپیۆتەر بەکاردێت بۆ دروستکردنی ئامێرێک یاخود سۆفت وێرد کە لەو ڕێگەیەوە ئەو ئامێرە چەند کارێک ئەنجام دەدات کە پێویستی بە ژیری مرۆڤە و ژیری دەستکردیش وەکو تەکنەلۆژیایەکی نوێ ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە دەستکەوتنی زانیاری بۆ قوتابییانی زانکۆ و پەیمانگەکان، ژیری دەستکرد توانیویەتی لە زۆر بواردا جێی دەستی خۆی بەرەو پێشەوە ببات و کاریگەری لەسەر زۆر بواردا هەبووە بەتایبەتی لە بواری فێربوون کە قوتابییان لەڕێگەی ژیری دەستکردەوە دەتوانن چەندەها زانیاری بەدەست بهێنن و لە ژیانی ڕۆژانەی خوێندنیاندا بەکاربهێنن.

بەڕێوەبەری بەشی تەکنۆلۆژیای زانیاری لە زانکۆی سۆران، گوتیشی: دەبێت ئاگاداری لایەنی ئەرێنی و نەرێنی ژیری دەستکرد بین و پێویستە قوتابییان ئاگادار بن لە بەکارهێنانی ژیری دەستکرد بۆ دەستکەوتنی زانیاری هەموو سەرنجی خۆیان نەخەنە سەر ئەو ئامێرانە، چونکە وا دەکات بە بەردەوامی پرسیار لەسەر هەموو بابەتێک بکات و ئەمەش بە جۆرێک تەمبەڵی دروست دەکات کە لە داهاتوودا قوتابییان ناتوانن ئاستی خوێندنی خۆیان بەرەوپێش ببەن، بۆیە پێویستە قوتابییان تا ئاستێکی دیاریکراو ژیری دەستکرد بەکاربهێنن کە نەبێتە هۆی تەمبەڵی لە کاروبارەکانیدا.

محەممەد جەلال، قوتابی زانکۆ، بۆ زاری کرمانجی دەڵێت: بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و هاتنی یەک بەدوای یەکی ئامێرە زیرەکەکان، کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕووی لە ژیانی ڕۆژانەمان کردووە، ئەو گۆڕانکاریانەش بەشێکی زۆری پەیوەست بوو بە چالاکییەکانی ڕۆژانەمانەوە، کاتێک ئەبینی ئامێرە زیرەکەکان یارمەتییەکی بەرچاومان ئەدەن لە کاروباری ڕۆژانەماندا، لە هەمان کاتدا وای کردوە مرۆڤ ئەو هێزە ناوەکییەی کە هەیەتی نەتوانێ دەری بکات و بەرەو خاوبوونەوەی بردووە، بەم دواییانەدا لە بواری تەکنەلۆژیا، ژیری دەستکرد ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پێشخستن و یارمەتیدانی قوتابییان، بەتایبەت لە زانکۆ و پەیمانگەکان، ئەگەر سەیری کاردانەوەکانی هاتنی ژیری دەستکرد بکەین، تێ ئەگەین باش و خراپ ڕۆڵی هەبووە بۆ قوتابییان، بێگومان ژیری دەستکرد وایکردووە کەمترین کات تەرخان بکەین بۆ دەست گەیشتن بە زانیارییەکان، ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ قوتابی تاوەکو بە ئاسانترین شێوە ئەرکەکانی بە یاوەری ژیری دەستکرد بە ئەنجام بگەیێنێ، هەروەها وا ئەکا قوتابی بتوانێت لە نەبوونی دەرفەتی گونجاودا پێداچوونەوە بکات و زانیاری گونجاوی دەستکەوێت، لە لایەنێکی ترەوە ئەو قوتابییانەی شارەزاییەکی باشییان لە بەرهەمە زیرەکەکان نییە، وایکرد ڕێگە خۆشکەر بێت بۆیان و ئاسانکارییەکی تەواویان بۆ بکات، کەواتە بە شێوەیەکی گشتی ئەکرێ بڵێین ژیری دەستکرد تەواو گۆڕانکاری کرد لە گەڕان بەدوای زانیاریی دا و سوودێکی گرنگی بە قوتابییان بەخشی.

شەهلا حسێن، قوتابی زانکۆی سۆران، لە بەشی ئینگلیزی، ئاماژەی بەوەدا: زیرەکی دەستکرد شێوازی فێربوونی قوتابییانی زانکۆ و پەیمانگەکان دەگۆڕێت و بەڕاستی گۆڕانکارییەکی گەورە بووە بۆ زۆرێکمان، ئەو ئامرازەیە کە ئامادەیە هەر کاتێک بمانەوێت یارمەتیمان دەدات، ئەوجا ڕوونکردنەوەی بابەتێکی ئاڵۆز بێت یان پێداچوونەوەی ئەرکێک، دۆزینەوەی سەرچاوەی متمانەپێکراو بۆ توێژینەوەیەک، ژیری دەستکرد هەموو پرۆسەکە خێراتر و ئاسانتر دەکات و ئێمەی قوتابییان چیتر پێویست ناکات کات بەفیڕۆ بدەین لە گەڕان بە نێو کتێبەکاندا بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکان، ژیری دەستکرد یارمەتی ئەو قوتابییانە دەدات کە ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە وەک ئەوانەی کە دوورە دەستن و دەستپێڕاگەیشتنی سنووردارییان هەیە بە کتێب و کەرەستەی فێرکاری، تەنها بە مۆبایل یان لاپتۆپێک ئەو قوتابییانەی لە ناوچە دوورەکانن دەتوانن ئێستا دەستیان بە سەرچاوە بەرزەکان بگات و بەستراوە بمێننەوە لەگەڵ زانیاری جیهانی.

د. تاڵب محەممەدشەریف، ڕاگری پەیمانگەی تەکنیکی مێرگەسۆر، بە زاری کرمانجی گووت:» ژیری دەستکرد تەکنەلۆژیایەکە ڕێگە بە ئامێرەکان دەدات ئەو ئەرکانە ئەنجام بدات کە بەشێوەیەکی گشتی پێویستیان بە زیرەکی مرۆیی هەیە و لەڕێگەی مرۆڤەکانەوە داتا و زانیاریەکان وەردەگرێت و لێیان فێردەبێت بۆ ئەنجامدانی کارەکان جا هەر کارێک کە مرۆڤ بیەوێت ئەنجامی بدات، بۆ دەست گەیشتن بە زانیاریەکان و سەرچاوەی توێژینەوەی زانستییەکان و شیکردنەوەی داتا و زانیاریەکان بەکاردێت و لە بواری نووسین و فێربونی زمان دەتواندرێت سوودی لێوەربگیرێت، ئەمە لایەنە باشەکانی زیرەکی دەستکردە و ئەگەر بە شێوەیەکی زانستیانە و هۆشیاریەوە ژیری دەستکرد بەکارنەهێنین، لە وانەیە کاریگەری خراپ هەبێت کە کار بکاتە سەر فێربوون کە قوتابییان بەشێوەیەکی زۆر باش پشت بە زیرەکی دەستکرد ببەستن ئەوا تونای بیرکردنەوە و بواری داهێنان و چارەسەرکردنی کێشەکان لاواز دەبێت.

ڕاگری پەیمانگەی تەکنیکی مێرگەسۆر، گوتیشی: پێویستە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵانە و بە هۆشیاری بەکاربهێندرێت، بۆ ئەوەی ببێتە یارمەتیدەر بۆ قوتابی، نەک ئامادەکردنی هەموو شتێک بۆ قوتابی بەڵکو بۆ وەرگرتنی بیرۆکە یارمەتی قوتابی بدات بۆ زیاتر باشکردن، وەکو ئامرازێکی یارمەتیدەر بێت نەوەکو جێگرەوەی مرۆڤ بێت.

# لە ٣١ یەکێتی و فیدراسیۆنی وەرزشی لقی عێراق لە پارێزگای هەولێر ژمارەی نوێنەرانی ئیدارەی سۆران لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن




د. ئازا کامەران – زاری کرمانجی:
خەڵکی سنووری ئیدارەی سۆران حەزێکی زۆریان هەیە بۆ یارییە وەرزشییە جۆراوجۆرەکان، لەم سنوورە هەزارەها یاریزان هەیە لە دەوری تیپە میللییەکان و یانەکان و دامەزراوە وەرزشییەکان کۆبوونەتەوە و بەشداری لە خول و پاڵەوانیەتییەکان دەکەن، لە بایەخ و گرنگی وەرزش تێدەگەن و ئەم ڕۆشنبیرییە وەرزشییە بەرزە لە نەوەوە بۆ نەوە گوازراوەتەوە و بووەتە بەشێک لە کەلتووری جوانی ئەم دەڤەرە.

لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران هەشت یانەی وەرزشی هەیە کە هەزارەها هاندەریان لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە، ئەم یانانە بوون بە هۆکارێک بۆ پێشکەوتنی وەرزش و بە شێوەیەکی بەردەوام پشتگیری لە یاریزانەکانیان دەکەن و جێگای خۆشحاڵییە یاریزانەکانی ئەم دەڤەرە لە ئاستی کوردستان، عێراق و جیهاندا ئەنجام و دەستکەوتی بەرزیان هەبووە، و بەردەوامن لە وەرزش.

بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانییە کێشە وەرزشییەکانی سنووری ئیدارەی سۆران لە ڕووی کارگێڕی و بەڕێوەبردنەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبوونە و نادادیەکی زۆر بەدی دەکرێت، وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و پیشەیی پێویستە ڕاستییەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار وەک خۆی و ڕاستگۆیانە باس بکەم لە پێناو بەرقەراربوونی یەکسانی بۆ سەرجەم وەرزشوانانی سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو گۆڕانکاری بۆ ئەندامانی ستافی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کرا، ئەوەی جێگای سەرنج بوو نوێنەری ئیدارەی سۆران بێ بەش بوو لە دانانی لە نێو ستافی نوێ لەکاتێکدا نوێنەری هەبوو بەڵام لەم گۆڕانکاریەدا هیچ ڕەواتیەکیان بە ئەندامێکی ئیدارەی سۆران نەدا بۆ نێو یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، کە سەرۆک سکرتێر لە سەنتەری شاری هەولێرو ئەندامێک لە کەرکوک و ئەندامێکیش لە ئاکرێ دیاری کران لە ڕێگای حزبەوە، بەڵام زۆر سەیرە ئیدارەیەکی پێکهاتوو لە شەش قەزا کە هەشت یانە لە خۆ دەگرێت بێبەش بکرێت، ئەگەر چی لە ستافی پێشوو نوێنەری سنووری ئیدارەی سۆرانمان هەبوو، بەڵام ئەمجارە ئەم کورسییە بە سۆران نەدرا، لە لایەکی دیکەوە لە کۆی ٣١ یەکێتی و فدراسیۆنی وەرزشی لقی عێراق لە پارێزگای هەولێر لە یارییە جیاوازەکان کە دەکاتە نزیکەی ٢٠٠ ئەندام لە کۆی سەرجەم ئەم یەکێتییانە ( کە پێویستە پێک بێت لە ئەندامانی هەموو پارێزگای هەولێر و سنووری ئیدارەی سۆران) بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە، ژمارەی ئەندامانی سنووری ئیدارەی سۆران لە پەنجەی دەست ڕەت نابن، کەچی ئەوانی دیکە سەرجەمیان لە ناو شاری هەولێرن و پێک هاتوون لە چەند گرووپێک هەر لەم بازنەیە دەخولێتەوە، چونکە بە هەموو پێوەرێکی ( ناوچەیی، دانیشتوان، ژمارەی یانە، وەرزشوان، دێرینەکان، ئەزموون، بڕوانامە) لە سنووری ئیدارەی سۆران دەبێت ئەندامیان هەبێت لەم یەکێتییانە، سەرجەم ئەو یەکێتییانە لە لایەن چەند کەسانێک لە ناو شاری هەولێر دەتوانین بڵێین دەستیان بەسەر داگیراوە و مافی قەزا و ئیدارە و شوێنەکانی دیکە پێشێل دەکەن بە شێوەیەکی نایاسایی.

جگە لەمەش لە چەند ڕۆژی ڕابردوو هەڵبژاردن بۆ لقی هەولێر - یەکێتی تۆپی پێی (عێراق) کرا لە شاری هەولێر، (٥) ئەندام پێویست بوو بۆ ئەم یەکێتییە بە هەڵبژاردن ٣ ئەندام دەرچوون، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە جارێکی دیکە بە ڕەوایان نەزانی کە هیچ ئەندامێک لە سنووری ئیدارەی سۆران لەم یەکێتییە هەبێت. جگە لەمەش بۆ هەڵبژاردن نەیانهێشت یەکێ لە یانەکانی سنووری ئیدارەی سۆران مافی خۆ پاڵاوتن و دەنگدانی هەبێت بە بیانووی کێشەی یاسایی، چونکە تا توانیان ئاستەنگ و گرفتیان بۆ یانەکانی سنووری ئیدارەی سۆران دروست کرد.

سەرەڕای هەوڵدانی هەندێ کاری نابەجێ بەرامبەر بە نوێنەرانی ئیدارەی سۆران کە شیاوی باس کردن نین !

لە لایەکی دیکەوە جگە لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان چەندین فدراسیۆن و یەکێتی وەرزشی کوردستان هەن لە یارییەکانی (بالە، باسکە، شەترەنج، تێنس، مەلەوانی، پایسکلسواری، گۆڕەپان و مەیدان تا دوایی ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزشن لە کوردستان کەچی لەمەشیان ڕەوایەتی ئەندام بوون بە هیچ ئەندامێکی سنووری ئیدارەی سۆران نەدراوە.

دەمەوێت پرسیار بکەم پەراوێز خستن و دوورخستنەوەی کەسانی ئەکادیمی و بە ئەزموونی سنووری ئیدارەی سۆران بۆچی و لە پێناو چی ؟ زیاتر لە ٢٠ ساڵە مافی وەرزشکارانی ئەم دەڤەرە پێشلکراوە بە بیانووی ناڕەوا وەڵاممان دەدرێتەوە و دوای ماوەیەک فەرامۆش دەکرێین.

چۆن دەکرێت دەڤەرەکانی ( بارزان، باڵەکایەتی، ڕواندز، بالیسان، برادۆست) و ناوەندی قەزاکانی (سۆران، مێرگەسۆر، ڕواندز، خەلیفان، چۆمان، سیدەکان) سنووری ئیدارەی سۆران بە گشتی و هەرێر و تا دەگاتە شەقلاوەش پەراوێز بخەیت ڕەوایەتی بە هیچ ئەندامێکی ئەو شوێنانە نەدیت و نەیانکەیت بە ئەندام لە هیچ یەکێتییەک تەنها ئەندامیەتی ئەو یەکیەتیانە لە شاری هەولێر لە دەوری چەند کەسێک بوخلێتەوە و ناحەقی بکرێت بەرامبەر بە وەرزشکارانی سنووری ئیدارەی سۆران جێگای هەڵوێست و پرسیارە ؟ بە پێچەوانەوە سەیری ئیدارەی سۆران بکەیت دەبینیت چەندین کەسی بە ئەزموون و وەرزشوانی دێرین و خاوەن بڕوانامەی بەرز لە وەرزش و کەسانی شایستە هەن، بۆیە پێویستە پەنجەمۆر و هەبوونیان هەبێت لە نێو وەرزشی کوردستان و عێراق، جگە لەمەش دەبێت ئەم یەکێتییانە بۆ ڕای گشتی ڕوون بکەنەوە لەسەر چ بنەمایەک ئەندامانی کارگێڕی یەکیەتییەکان تا ئێستا لە دوای ئەو هەموو ساڵە دیاری کراون ؟ ئەگەر لەسەر بنەمای دانیشتووان، ناوچە، ژمارەی یاریزان، یانەکان، شایستەیی، بڕوانامە، ئەزموون، دێرین، بە هەر پێوەرێک بێت ئەندامانی وەرزشی سنووری ئیدارەی سۆران تا دەگات بە قەزای شەقڵاوە شایستەن ببن بە ئەندام لەم یەکێتییانە، بەڵام بەداخەوە ئەوە بۆ زیاتر لە ٢٠ ساڵە بەم میکانزمە هەڵە و خراپ و نا یەکسانییە کارەکانی ئەم یەکیەتیانە دەڕۆن بۆیە بەم شێوەیەش گوزارشت لە نوێنەرایەتی دەڤەری سۆران ناکات بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕوون تەنها بۆ چەند کەسێکە لە شاری هەولێر.

پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزشی بە کاری خۆی هەڵبستێت ئەم نا یەکسانیەی ئێستا هەیە قبوڵ نەکات و دوای ئەوە دەبێت وەرزشوان و یانەو دامەزراوە وەرزشییەکان و بەرپرسانی حزبی و حکومی لە ئیدارەی سۆران و حکومەتی هەرێمی کوردستان قبولی ئەو نا عەدالەتییە نەکەن.

ئیدارەی سۆران وەک چیایەکی گەورە و بەهێز بۆ سەرکەوتنی کوردستان هەمیشە لە کاتە سەخت و دژوارەکان کاریگەری ئەرێنی بۆ بزاڤی شۆڕشەکانی کوردستان هەبووە و قوربانی داوە، خەڵکەکەی بەردەوام دەبێت بۆ خزمەتی هەرێمی کوردستان.

# فریای یاریگای یانەی وەرزشی ڕواندز بکەون







د.ئازا کامەران – زاری کرمانجی:
خۆشبەختانە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بە پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی نۆژەنکردنەوەی یاریگای تۆپی پێی یانەی وەرزشی ڕواندزی لە بانەزێوک دەستی پێکرد، لە سەرەتای ئەم ساڵ کارەکانی بە کۆتا گەیشتن و یاریگاکە نۆژەنکرایەوە و بووە جێگای خۆشحاڵی وەرزشوانان، و ئەم هەوڵە وەک خاڵێکی ئەرێنی لە پەرەپێدانی سێکتەری وەرزشی ئەم دەڤەرە لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا.

بەڵام جێگای داخە لە ئێستادا، یاریگاکە ڕووبەڕووی کێشەی جددی بووەتەوە، یاریگاکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو خەراپ بوون دەڕوات و بەردەوام بوونی بەم دۆخە لە داهاتوویێکی نزیک بەرەو وێرانبوون دەچێت.

لە ڕاستیدا کێشە سەرەکییەکانی ئەم یاریگایە زۆرن و یەکێ لەوانە، نەبوونی پاسەوان و چاودێری تایبەتە بۆ ئەو یاریگایە، کە ئەمەش وای کردووە مەترسییەکی گەورەی لەسەر پاراستنی یاریگاکە دروستکردووە و کارگێڕی یانەی ڕواندز لێی نیگەرانە، لە لایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی یاریگاکە لە چیمەنی دەستکرد درووست کراوە و نزیکە لە گیای وشک و مەترسی سوتانی لەسەرە، گوناحێکی گەورەیە ئەم یاریگایە خودا نەخواستە ئەوهای بەسەربێت، ئەم مەترسییە بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا زیاتر دەبێت.

کێشەیەکی دیکە کە بەرۆکی یاریگاکەی گرتووە، نەبوونی سیستەمی ئاوە بۆ ئاوپرژێنکردنی یاریگاکە چونکە چیمەنەکە پێویستی بە ئاوی بەردەوام هەیە لە وەرزی هاوین بۆ پاراستنی کوالیتی و سەوزییەکەی، بەڵام ئەم کارە بەداخەوە بوونی نیە.

لە ئەنجامی ئەم هەموو کێشانەدا، لە ئێستادا یاریگاکە پێویستی بە چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی بەردەوام هەیە، و کێشەکانی لە زیادبوونن، بۆیە پێویستە دەسەڵاتدارەکان هەنگاوی خێرا بنێن بۆ: دانانی پاسەوانی بەردەوام بۆ چاودێری لە یاریگاکە، دروستکردن و دانانی سیستەمی ئاو، دابینکردنی بودجەی تایبەت بۆ نۆژەنکردنەوە و پاراستنی یاریگاکە.

لە کۆتاییدا یاریگای یانەی وەرزشی ڕواندز گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ وەرزشوانان لەم دەڤەرە، بۆیە پێویستی بە ئاگاداری و چاودێری زیاتر هەیە، ئەگەر هەنگاوی خێرا نەنرێت، لە داهاتوێکی نزیکدا مەترسی لەدەستدان و لەناوچوونی ئەم شوێنە هەیە، ئەم یاریگایە نەک تەنها وەک شوێنێکی یاری، بەڵکو وەک سەنتەرێکی کۆمەڵایەتی و وەرزشی بۆ گەنجان لاوانی ناوچەکە سوودی هەیە و پاراستنی ئەرکی هەموومانە.



# نیهایەت: لە سۆران کچان حەز بە یارییەکانی هونەری جەنگی دەکەن



دیمانە – زاری کرمانجی:
سۆران وەکو یەکێک لە شارە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا یاریزانە ئافرەتەکان گەشەسەندنی بەرچاویان لە وەرزش بە خۆیانەوە بینیووە بە تایبەتی لە بواری یارییە هونەرییە جەنگییەکان، کچانی سنووری ئیدارەی سۆران بەردەوامن لە بەشداری کردن لە پێشبڕکێیە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا و دەستکەوتی باشیان هەبووە، بۆیە لە یارییە هونەری جەنگییەکان زۆرێک لە یاریزانە ئافرەتەکان حەز بە هاتنە نێو جیهانی ئەو وەرزشە دەکەن و یاریزان و ڕاهێنەری ئافرەتی چاک لەم یارییانە هەڵکەوتوون.

نیهایەت سەلیم، دانیشتووی شاری سۆران یاریزانی یاری کیک بۆکسینگ و کۆنگفۆتوا بۆ زاری کرمانجی دەڵێت: بەشداری کچان لە یارییە وەرزشییەکان لە سۆران نە تەنها وەکو چالاکییەکی تەندروستی بەڵکو وەکو ئامرازێکی گرنگ و نیشاندانی هێزی ئافرەتان لە کۆمەڵگادا سەیردەکرێت، ئەم گەشەکردنە بەردەوامە و ئاراستەی ئەرێنی هەیە بۆ ئایندەی دەڤەرەکەمان و هەرێمی کوردستان، ژمارەی یاریزانە کچەکان لە یارییەکانی هونەری جەنگی لە زیاد بوونە و لە داهاتوو کچانی پاڵەوان و لێهاتوو زیاتر لە سنووری ئیدارەی سۆران بەدیار دەکەون.

نیهایەت گوتی، بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانییە یاریزانە کچەکان لەم دەڤەرە ڕووبەڕووی هەندێک ئاستەنگ دەبنەوە بە تایبەتی لە کەمی ئیمکانات و پشتگیری دارایی کە ئەمەش وایکردووە کاریگەری نەرێنی لەسەر بەشداریکردنی یاریزانەکان دروست بکات لە پێشبڕکێیە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، جگە لەمەش پێشنیار دەکەم پاڵەوانیەتی وەرزشی زیاتر لە یارییەکانی هونەری جەنگی لەم سنوورە بۆ کچان بکرێتەوە بۆ ئەوەی یاریزانەکان ئاستی ڕاستەقینەی خۆیان پێشکەش بکەن لە یارییەکان.

ئەم یاریزانە داوا دەکات بە شێوەیەکی گشتی لە سەرجەم وەرزشەکان زیاتر گرنگی بە کچە یاریزانەکان بدرێت لەم دەڤەرە، و سوپاسی زاری کرمانجی دەکات کە گرنگی زۆر بە بواری وەرزش دەدات.

# خواردنەوەی قاوە بەسوودە یاخود زیانی هەیە بۆ وەرزشوانان




زاری کرمانجی – سۆران:
لە دونیای وەرزشی ئەمڕۆدا، خواردنەوەی قاوە لە نێو بەشێک وەرزشوانانەدا زۆر بەکاردێت، چونکە قاوە تەنها خواردنەوەیەکی ئاسایی نیە لە ژیانی ڕۆژانەمان بەڵکو دەتوانێت کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر چالاکی و کارایی یارییە وەرزشییەکان دروست بکات.

لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەری دەخەن کە خواردنەوەی قاوە بە هۆی بوونی کافیین تیایدا دەتوانێت چالاکی وەرزشی بە شێوەیەکی بەرچاو لە یاریزان باشتر بکات، چونکە هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی ماندووبوون و خەواڵووبوون، بەڵام لە لایەکی دیکەوە سەرەڕای سوودەکانی خواردنەوەی قاوە، کاریگەری نەرێنیشی هەن کە دەبێت وەرزشوانان ئاگاداری بن، چونکە ڕۆژانە زۆر خواردنەوەی قاوە دەبێتە هۆی خێرابوون و تێکچوونی لێدانەکانی دڵ، و هەستکردنی وەرزشوان بە نائارامی و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و کەم خەوی، و یەکێک لە باوترین کێشەکان ئەوەیە کاتێک زیدەڕۆیی لە خواردنەوەی بەردەوامی قاوە بکرێت ئەوا کاریگەرییە باشەکانی بۆ وەرزشوانان لەدەست دەدات و بە پێچەوانەوە زیانی دەبێت.

بۆیە باشتروایە بە ڕێژەیەکی دیاریکراو قاوە بوخرێتەوە زیاد لە پێویست نەبێت لە ڕۆژێکدا جگە لەمەش لە کاتی بەیانیان بێت خواردنەوەی و دوای نیوەڕۆ بە ڕێژەیەکی کەم و شەوان نەخورێتەوە.

خواردنەوەی قاوە بە شێوەیەکی ڕێک و سنووردار کاریگەری ئەرێنی دەبێت بۆ باشکردنی چالاکی وەرزشی، بەڵام پێویست بە زۆر بەکارهێنانی لە ڕادەبەدەر ناکات، باشتر وایە بەشێوەیەکی گونجاو بخورێتەوە لە کات و ساتی لەبار، هەروەها گرینگە زۆر نەخورێتەوە تا دوور بکەونەوە لە کاریگەرییە نەرێنییەکان.

ڕاستە خواردنەوەی قاوە هەندێک سوودی بۆ وەرزشوانان هەیە بەڵام ئەوەی لە هەمووی گرنگتر و بەسوودتر ڕاهێنانی بەردەوامی وەرزشی و خەوی ڕێک و خواردنی خۆراکی ڕێک و تەندروستە بۆ وەرزشوانان.

# کچە یاریزانەکانی ئیدارەی سۆران پاڵەوانن




زاری کرمانجی – سۆران:
هەمیشە کچە یاریزانەکانی سنووری ئیدارەی سۆران لە پێشەنگن بە تایبەت لە یارییە وەرزشییەکان لەم ڕۆژانە سێ کچە یاریزانی ئیدارەی سۆران بەشدارییان کرد لە پاڵەوانیەتی تایکواندۆ لە شاری هەولێر، خۆشبەختانە توانییان ئەنجامی شایستە بەدەستبهێنن، کە یاریزانەکان پێکهاتبوون لە، هامێهسا زرار پلەی دووەم، نارین زریان پلەی سێیەم، ڤارین کەیوان پلەی سێیەم بوون.
جێگای ئاماژەیە بۆ یەکەم جارە ئەو کچە یاریزانانە بەشداری لە پاڵەوانیەتی یاری تایکواندۆ دەکەن و پێویستە پشتگیری بکرێن، و ڕاهێنەرانیان جێگای دەستخۆشین، بە ناوەکانی حەمید حاجی و کاپتن محمد.

# یاری تایکواندۆ لە ئیدارەی سۆران لە پێشکەوتنەدایە



زاری کرمانجی – سۆران:
یارییە هونەرییە جەنگییەکان ڕابردوویێکی جوانی هەیە لە دەڤەری سۆران، ژمارەیەکی زۆر لە دەوری ئەو یارییانە کۆبوونەتەوە بە تایبەت یاری تایکواندۆ.
یوسف ئەیمەن، یاریزانی یانەی وەرزشی سۆران لە ژێرسەرپەرشتی ڕاهێنەر کاپتن هۆشەنگ، بەشداری کرد لە پاڵەوانیەتی تایکواندۆی کراوە لە کێشی ٣٣ کغم لە شاری هەولێر، توانی ئاستێکی نایاب لە یارییەکە پێشکەش بکات و ببێتە جێگای خۆشحاڵی هاندەرانی.

# بۆچی سەرۆک بارزانی ئاشتی بە بژاردەیەکی پێویست دەزانێ؟



د. سامان سۆرانی



ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە چەندین دەیەیە بە بەردەوامی ململانێی سیاسی و سەربازی باڵی بەسەردا کێشاوە، ئەم شەڕەی ئەم دواییەی ئێران و ئیسرائیل کە لە ڕێگەی هێرشی ئاسمانی و سایبەری و تەکنەلۆژی ئەنجام دران و زیانی ماددی و مرۆیی زۆری لە هەردوولا لێ کەوتەوە و پاش دوانزدە ڕۆژ بە فشاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و نێوەندگیری هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە بە ئاگربەست کۆتایی هات، نموونەیەکە لە ئاڵۆزترین و هەستیارترین ئەو ململانێیانە.

پرسیار ئەوەیە، تاکەی ئەم جۆرە ململانێیانە بەردەوامییان دەبێت و کەی ناوچەکە لە بری جەنگ، ئاشتی هەڵدەبژێرێ؟ ئایا ئەو دوژمنیەتییە مێژووییانە دەگۆڕدرێن بۆ دەرفەتێکی مێژوویی، تا لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدرێتەوە؟

ڕاستە جەنگی ئێران و ئیسرائیل تەنها لە چوارچێوەی سیاسەت و بەرژەوەندی نەدەسووڕایەوە، بەڵکو پاڵنەری ئایدیۆلۆژیای قووڵ دەیجوڵاندەوە و ئێران لە ساڵی ١٩٧٩وە دروشمی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیلی بەرزکردبووە و لای خۆیەوە ئیسرائیل، ئێرانی بە هەڕەشەیەکی وجوودی دەبینی، بەتایبەتی بەهۆکاری بەرنامە ئەتۆمییەکەی و پاڵپشتیکردنی پرۆکسییەکانی لەناوچەکە، بۆیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو بە گۆڕەپانێ بۆ ململانێ و وڵاتانی گەورە و بچووک بە هۆیەوە زەرەرمەند بوون و کەسانی سیڤیل پێش سیاسەتمەدارەکان دووچاری گرفت و دڵەڕاوکێ و ناخۆشیی بوون.

دەرئەنجام، ئاسایشی هەرێمی لە وڵاتانی وەکو سووریا و عێراق و لوبنان کەوتە مەترسیی، دەستێوەردانی نێودەوڵەتی هاتە ئاراوە و ڕێگەی گەیشتن بە چارەسەر ئاڵۆزتر بوو، هاووڵاتیانی ئەم ناوچانە زیانی مرۆیی و ئابوریيان پێ گەیشت و باجی قورسیان دا.

گەلانی ناوچەکە کە لە جەنگ و دەرهاوێشتەکانی جەنگ بێزار بوون، لە ئێستادا بەدوای سەقامگیری و شکۆمەندی و گەشەسەندن دەگەڕێن، بۆیە پێویستە پارادایمی ململانێ بگۆڕدرێ بە پارادایمی دیالۆگ و ڕووبەڕووبوونەوەش بگۆڕدرێ بە دانووستان.

ئاشتی واتای خۆبەدەستەوەدان نییە، بەڵکو ئازایەتییە بۆ بڕیاردانی جیاواز، دیدێکی فراوانتر بۆ داهاتووی نەتەوەکان، چونکە ئابووری و تەکنەلۆژیا و خوێندن تەنها لە ژینگەیەکی سەقامگیر و پڕ لە ئاسایشی و پەیوەندی هاوسەنگ گەشە دەکەن. دوژمنی ڕاستەقینەی ناوچەکە تەنها دوژمنە کلاسیکییەکان نین، بەڵکو هەژاری و بێکاری و توندڕەوی و گەندەڵین.

پێویستە کەناڵە دیپلۆماسییەکان زیندوو بکرێنەوە و دیالۆگێکی هەرێمی گشتگیر دروست بێت و ژینگەیەک بۆ لێکتێگەیشتن برەخسێندرێ و گەلان ڕۆڵێکی کاراتر بگێڕن لەڕێگەی میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ گۆڕینی وتاری دژایەتیکردن.

مێژوو ئەوەی سەلماندووە، کەوا تەنانەت درێژترین ناکۆکییەکانیش دەتوانن کۆتاییان پێ بێت، کاتێ دەنگی عەقڵ بەرزتر بێت لە دەنگی جەکەکان، ئاشتی بژاردەی کەسانی ترسنۆک نییە، بەڵکو دلێریی بەهێزەکانە، کە ئایندەی نەوەکان لەسەرووی بەرژەوەندی سیاسی هەنووکەیی دادەنێن.

پێویستە ناوچەکە لە گێژەنگاوی خوێن ڕزگاری بێت و بەرەو فەزایەکی پڕ لە بووژانەوە و ژیان و شکۆمەندی هەنگاو بنێت.

سەرۆک مەسعود بارزانی باوەڕی تەواوی بە فەلسەفەی ئاشتی هەیە و لە خەباتی ڕزگاریخوازی وەکو دۆکترینێکی سیاسی پەیڕەوی کردووە، بەردەوام دووپاتی کردۆتەوە، کەوا نەتەوەکان تەنها بە چەک خەبات نەکەن، بەڵکو بە عەقڵ و دانایی و تێگەیشتن.

سەرۆک بارزانی ئاشتی بە بەهایەکی باڵای مرۆیی و بە بناغەیەک بۆ ئایندەیەکی دادپەروەرانەتر دەبینێت بۆ کورد و بۆ هەموو گەلانی ناوچەکە، چونکە تێکۆشانێکی شەرەفمەندانە و ئاشتییەکی مەرجداری شکۆمەندانە هەمیشە لە جەنگێکی بێ کۆتایی باشترە.

هەر بۆیە سەرۆک بارزانی ئاشتی بە بژاردەیەکی پێویست دەزانێت، تا ناوچەکە بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی سەقامگیری و ئاسایش و پەرەپێدانی ئابوری و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ئازادی بە خۆیانەوە ببینن و گەلانی ناوچەکەش بۆ هەمیشە لە ژێردەستی و ستەمکاری و نادادپەروەری ڕزگاریان بێت.

# بۆچی ئێران گەرووی هورمزی دانەخست ؟



کامەران ئیبراهیم شێروانی

گەرووی هورمز، ئەو دەمارە ژیانییەی ئابووریی جیهانەیە کە نزیکەی یەک لەسەر سێی نەوتی گواستراوەی جیهانی پێدا دەڕوات، بۆ دەیان ساڵە وەک «کارتی فشاری ستراتیژی» لە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ماوەتەوە. لەگەڵ هەر ئاڵۆزییەک لە کەنداو و توندبوونەوەی گەمارۆکانی ڕۆژئاوا، یان زیادبوونی گرژییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل، بەرپرسانی تاران بە هەڕەشەی داخستنی ئەم دەروازە چارەنووسسازە، دڵەڕاوکێ دەخەنە بازاڕەکانی وزەی جیهانەوە. ئەم چاو سوورکردنەوەیە بووەتە چەکێکی دەروونی و سیاسیی کاریگەر کە ئێران بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، بەردەوام کەڵکی لێ وەردەگرێت.

بەڵام لە پشت ئەم هەموو بانگەشە و هەڕەشە بەردەوامانەوە، پرسیارە بنەڕەتییەکە بە هەمان قورساییەوە دەمێنێتەوە: بۆچی ئێران تا ئێستا گەرووی هورمزی دانەخستووە؟

سەرەڕای دەیان ساڵ لە لێدوانی ئاگرین و نمایشە سەربازییەکان، واقیعی سیاسی و سەربازی چیرۆکێکی تەواو جیاواز دەخاتە بەر باس. لە پشتی پەردەوە، تاران بە وردی لەو هاوکێشە ئاڵۆزە تێگەیشتووە کە داخستنی گەرووەکە دەیخولقێنێت. خۆبواردنی ئێران لەم هەنگاوە بڕیارێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکوو دەرەنجامی تێڕوانینێکی قووڵی ستراتیژییە بۆ ئەو لێکەوتە کارەساتبارانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ئەم خۆپارێزییە لەسەر سێ کۆڵەکەی سەرەکی ڕاوەستاوە: لێکەوتە ئابوورییە وێرانکەرەکان، وەڵامی سەربازیی یەکلاکەرەوە، و گۆشەگیریی سیاسیی جیهانی.

قورسایی سەرەکیی ئەم بڕیارە لەسەر شانی ئابوورییە. داخستنی گەرووی هورمز بۆ ئێران مانای «خۆکوشتنێکی ئابووریی» ڕاستەقینەی هەیە. ڕۆژانە نزیکەی ٢١ ملیۆن بەرمیل نەوت (نزیکەی ٢٠٪ی کۆی بەکاربردنی نەوتی جیهان) و یەک لەسەر سێی گازی شلی سروشتی بەم ڕێڕەوەدا دەگوازرێتەوە. هەرچەندە داخستنی گەرووەکە بۆ ماوەیەکی کورت نرخی نەوت بۆ ئاستی خەیاڵی بەرز دەکاتەوە و گورزێکی کوشندە لە ئابووریی جیهان دەدات، بەڵام زیانی بۆ خودی ئێران مەرگبارترە. ئابووریی ئێران، سەرەڕای سزا نێودەوڵەتییەکان، هێشتاش بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت و تەواوی هەناردەی نەوتی ئێران لە ڕێگەی بەندەرەکانی کەنداو و گەرووی هورمزەوەیە. بە واتایەکی تر، داخستنی گەرووەکە، بەر لەوەی زیان بە جیهان بگەیەنێت، شا دەماری ئابووریی خۆی دەبڕێت و داهاتی نەوتی سفر دەکاتەوە. هاوکات، ئێران بۆ هاوردەکردن و هەناردەکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی وەک گەنم، برنج، دەرمان و کەرەستەی خاوی پیشەسازی، بە ڕێژەیەکی بەرز پشتی بەم دەرچەیە بەستووە. بۆیە ئەم هەنگاوە نەک هەر داهاتی حکومەت دەبڕێت، بەڵکوو قەیرانێکی مرۆیی و پیشەسازیی سەخت لە ناوخۆی ئێراندا دروست دەکات.

لە لایەکی دیکەوە، ئێران بەم کارەی ڕاستەوخۆ بەرژەوەندیی گەورەترین کڕیارەکان و هاوبەشە ئابوورییەکانی دەکاتە ئامانج. چەندان وڵات لە کیشوەری جیاواز گەورەترین زەرەرمەندی داخستنی گەرووی هورمز دەبن. چین، کە گەورەترین هاوردەکاری نەوتی جیهانە و بە هاوبەشێکی ستراتیژیی ئێران دادەنرێت، نزیکەی نیوەی نەوتی هاوردەکراوی لە وڵاتانی کەنداوەوە دابین دەکات. ژاپۆن و کۆریای باشوور، کە دوو زلهێزی تری پیشەسازین، نزیکەی ٩٠٪ی نەوتی پێویستیان لە ڕێگەی ئەم گەرووەوە بەدەست دەهێنن. هەروەها هیندستان، وەک یەکێکی تر لە گەورەترین ئابوورییە گەشەکردووەکان، بە شێوەیەکی بەرچاو پشت بە نەوتی کەنداو دەبەستێت. داخستنی گەرووەکە، نەک تەنیا ئابووریی ئەم وڵاتانە دەخاتە مەترسییەوە، بەڵکوو وا دەکات ئێران ئەو پشتیوانییە سیاسی و ئابوورییە سنووردارەش لەدەست بدات کە لەلایەن چینەوە هەیەتی و خۆی لە گۆشەگیرییەکی تەواودا دەبینێتەوە.

جگە لە لێکەوتە ئابوورییەکان، ئێران بە باشی لەوە تێ دەگات کە داخستنی گەرووەکە وەڵامێکی سەربازیی خێرا و یەکلاکەرەوەی نێودەوڵەتی بەدوادا دێت. کەشتیگەلی ئەمریکا لە کەنداو، لەگەڵ هێزی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە، خاوەنی ئەو توانایە تەکنۆلۆژی و سەربازییەن کە لە ماوەیەکی کورتدا گەرووەکە بکەنەوە. هەرچەندە

> «داخستنی گەرووی هورمز بۆ ئێران مانای ( خۆ کو شتنێکی ئابووریی ) ڕاستەقینەی هەیە»

سوپای پاسداران دەتوانێت لە ڕێگەی چاندنی مینی دەریایی و بەکارهێنانی مووشەکی دژە کەشتییەوە بۆ ماوەیەک هاتووچۆ پەک بخات، بەڵام ئەمە تەنیا کاتییە. وەڵامی ئەمریکا و هاوپەیمانان تەنیا بە کردنەوەی گەرووەکە ناوەستێت، بەڵکوو لەوانەیە ببێتە هۆی هێرشێکی بەرفراوان بۆ سەر ژێرخانی سەربازیی ئێران، لەوانە بنکە دەریاییەکان، سەکۆی مووشەکەکان، و دامەزراوە هەستیارەکانی تر. ئەمەش ململانێیەکی سنووردار دەگۆڕێت بۆ شەڕێکی گشتگیر کە دەرەنجامەکانی بۆ ئێران کارەساتبار دەبن.

لە کۆتاییدا، چیرۆکی گەرووی هورمز، چیرۆکی ئەو کارتەیە کە هێزەکەی لە یاری پێنەکردنیدایە. ئێران باش دەزانێت کە نرخی داخستنی گەرووەکە زۆر لە نرخی هەڕەشەکردن گرانتر لەسەری تەواو دەبێت.

بۆیە لە گۆڕەپانی سیاسەتدا، واقیعبینیی ستراتیژی زاڵ دەبێت بەسەر دروشمی ئایدیۆلۆژیدا، و گەرووەکە بە کراوەیی دەمێنێتەوە ( داخستنی کردارێکی نزیک لە مەحاڵە)، چونکە کراوەییەکەی، گەرەنتی مانەوەی ئابووریی ئێران و سەقامگیریی وزەی جیهانە.



«چیرۆکی گەرووی هورمز، چیرۆکی ئەو کارتەیە کە هێزەکەی لە یاری پێنەکردنیدایە»



# مەرگەساتی سەردەشت؛ برینێکی گەورە لە جەستەی گەلێکی غەدرلێکراو
# هەڵەبجە و سەردەشت بوونە هێمای قڕکردنی نەتەوەیەکی ژێردەستە و چەوساوە



«لە کیمیابارانکردنی سەردەشت زیاتر لە ٨ هەزار کەس شەهید و بریندار بوون»



«لە هاوینی ساڵی ١٩٨٧ دا یەکەم شاری کوردنشین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کیمیاباران کرا»




«خەڵکی سەردەشت ئێستاش بە دەست شوێنەواری گازی ژەهراوی خەردەل دەناڵێنن»

ئا: بەختیار سەباح

مێژووی گەلی کورد پڕە لە ئازار و مەرگەسات و ڕووداوی دڵتەزێنی دەستی نەیاران و داگیرکەران لاپەرەیێک لە دیرۆکی ئەو گەلە بێ مافە نییە ئازار و زامێکی قوڵ و بێ بەزییانەی تێدا تۆمار نەکرابێ.

یەک لەو ئازار و ڕووداوە دڵتەزێنانەی لە لایەن ڕژێمی بەعسی ڕووخاو بەسەر گەلەکەماندا هات کیمیا بارانکردنی شاری سەردەشت و کوشتن و برینداربوونی هەزاران مرۆڤی بێ تاوانی کورد بوو.

٣٨ ساڵ لەمەوبەر، لە ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧، کاتژمێر ٤:٣٠ی دوای نیوەڕۆ، ڕژێمی بەعسی فاشیست چوار شوێنی قەرەباڵغی خەڵکی سڤیلی لە شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چەکی کیمیایی بۆردومان کرد و بۆمبەکانی لە قەرەباڵغترین شوێنەکانی شاردا خستە خوارەوە.

شاری سەردەشت کاتێ بۆردومان کرا، کە جەنگی عێراق و ئێران لەوپەڕی دڕاندایەتیدا بوو، تەنانەت بۆردومانی شارەکان و خەڵکی مەدەنی بەئاشکرا درێژەیان هەبوو، بە بەرچاوی دونیاوە، کار گەیشتە ئەوەی چەکی کیمیایش دژ بە شارەکان بەکار بهێنرێت، کە ئەمە گەورەترین تاوانە دژ بە مرۆڤایەتی، بە هیچ شێوەیەک نابێ خەڵکی مەدەنی بکرێنە ئامانجی جەنگەکان، کەچی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەوڵەتانی بێلایەن نوزەیان لێوە نەهات، ئەم هەموو تاوانی جەنگە بە بەرچاویانەوە دەکرا، کەچی چاویان دادەخست، پەیوەندی بازرگانی و ساخکردنەوەی چەک لە بازاڕی جەنگدا هۆکارێک بوو بۆ ئەم بێدەنگییە.

لەو کاتەدا کە ڕژێمی بەعسی فاشیی، چەکی کیمیایی بەکاردەهێنا لەبەرەکانی جەنگ، بەپێی پەیماننامەی جنێڤی ساڵی ١٩٢٥، کە عێراقیش واژۆی کردووە چەکێکی قەدەغە کراوە.

ڕژێمی ڕووخاوی بەعس لە ئازاری ساڵی ١٩٨٧ دا دەستیکرد بە کیمیابارانکردنی گوندو شارۆچکە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە لە باشووری کوردستان، دواتریش لە هاوینی ساڵی ١٩٨٧ دا یەکەم شاری کوردنشینی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کیمیاباران کرد، سەردەشت یەکەم شاری پڕ لەئاوەدانی بوو کە ئەو تاوانەی بەرامبەر ئەنجام درا، کە یەکێک بوو لە ڕووداوە پڕ لە ئازار و مەرگەساتبارەکان بۆ گەلی کورد و تاوانێکی گەورەش بوو دژ بە مرۆڤایەتی و پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکان، کە تێیدا زیاتر لە ١٣٠ شەهید و ٨٠٢٥ کەس برینداربوون .

پەرلەمان و حکومەتی ئێران هێشتا بە شێوەی یاسایی ئەو تاوانەیان بە جینۆساید نەناساندووە، هەوڵیشیان نەداوە لە سەر ئاستی جیهان بناسرێت، تا ئێستەیش بریندارانی ئەو تاوانە دەناڵێنن و وەک پێوست خزمەت بەو شارە نەکراوە.

«پێویستە گرنگی زیاتر بەم کارەساتانە بدرێت و بە جیهانی دەرەوە بناسێنرێن»

ئەم تاوانە بەڵگەییکی دیکە بوو لەلایەن دوژمنانی کوردستان، کە دەیانەوێت ئەم نەتەوە قڕ بکەن و ئاسەواری نەهێڵن کە ئێستەیش بە زۆر پاساوی بێ بنەما و شێوازی دیکە، ئەو دوژمنایەتیە بەردەوامە و هەر ڕۆژە و بە بینانوویێک دەیانەوێت ئەم گەلە لەناو ببەن، ئەم شێوە سەرکوت و هێرشکردنانە لە ڕابردوو و ئێستا بۆ سەر نەتەوەییکی زیندووی وەک کورد، دەچێتە خانەی جینۆسایدکردنی نەتەوەیێک و پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت کە ئەم پرس و کارەساتانەی کە لە مێژووی کورد دا زۆرە، بکرێتە بابەتێکی گشتی و لە کۆر و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا بە جینۆساید و پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد ئەژمار بکرێت.

هەر وەک لە بەشێک لە نووسین و ڕاپۆرتەکان لەسەر کارەساتی شاری سەردەشت ئاماژە بەوەکراوە، دوای تێپەڕبوونی ٣٨ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە، خەڵکی شاری سەردەشت ئێستاش بە دەست شوێنەواری گازی ژەهراوی خەردەل دەناڵێنن و سەرەڕای ئازاری قورسی مەعنەوی لە کیس دانی خزم و کەس و کار، ئازارە جەستەییەکان بەرۆکی زامدارانی چەکی کیمیایی شاری سەردەشتی بەرنەداوە و لەبەر بێ خزمەتی و گوێنەدان، لە هەل و مەرجێکی نالەبار دان، تەنانەت نەخۆشخانەیێکی تایبەت بە زامدارانی کیمیایی بە بوونی دکتۆری پسپۆر لە بوارەکانی چاو و پێست و سی، لە شاری سەردەشت نەکراوەتەوە و خەڵکی بەش مەینەت دەبێ بۆ دابینکردنی داو دەرمان و چارەسەر، ئەویش بە نرخێکی گران، سەردانی شاری ورمێ و تەورێز و تاران بکەن».

لەو نووسینانە باس لەوەشکراوە، پێویستە گرینگی زیاتر بەم کارەساتانە بدرێت، بە کۆکردنەوەی بەڵگە و دیکۆمێنت، هەوڵەکانی خۆیان بۆ زیاتر ناساندنی ئەم تاوانانە بە دنیایی دەرەوە زیاتر چڕ بکەنەوە، چەندە بۆ بە جینۆسایدکردنی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەی شەهید هەوڵدرا، ئەوەندەش بۆ سەردەشت هەوڵ بدرێ، چونکە ئەم دوو کارەساتە ڕەمز و هێمای قڕکردنی نەتەوەییکی ژێردەست و چەوساوەن، کە بە درێژایی مێژوو بەم شێوە غەدریان لێکراوە و هەتا ئێستاش ناتوانن پڕ بە گەروی خۆیان هاواری ئازادیخوازی بکەن.

# ڕەوشی سیاسی کورد لە جەنگی یەکەمی جیهانی
# «کوردستان بووە مەیدانی ململانێی توندوتیژی نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان»







«جەنگی جیهانی یەکەم وەچەرخانیکی گەورەی مێژوویی بوو بۆ گەلانی ژێر دەستە»

جەیلان نەجمەددین*

جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٤تا ١٩١٨ بەردەوام بوو، کە زۆربەی زلهێزەکانی جیهان تێدا بەژدار بوون، ململانێ و ناکۆکی نێوان بەریتانیا و ئەڵمانیا هۆی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان بوو، لەو کاتەشدا ناوچەی کوردی بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەهۆی بەژداری دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم ناوچەکە ڕووبەڕووی گۆڕانگاری سیاسی گەورە بویەوە، لێرەدا نەتەوی کورد بەهۆی جەنگ ڕووبەڕووی گەورەترین زیان بووەوە، کوردستان وەک دەوڵەمەنترین ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و نزیک سەرنجی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی ڕاکێشا، کۆنترۆڵکردنی بووە یەکی لە ئامانجەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکان ، سەرنجام کوردستان بووە مەیدانی ململانی توندوتیژی نێوان ( ئەڵمانیا – بەریتانیا – روسیا )، لەو کاتەشدا ڕێکخراو و پارتە کوردییەکان نەیانتوانی خەڵکی کورد بۆ بەژدار نەبوون لە شەڕ هانبدەن، تەنانەت هەندێ لە ناسیۆنالیستی کورد وەک عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدوڵا، کە ئەو کاتە سەرکردەی سوپای عوسمانی بوو، ناچار بوو قازانجی تورکانی لاو بێنێتە دی لە مەیدانی شەردا ، سوپای تورکی کە خۆی لە بەردەم سوپای روسیا پێ رانەگیرا، ناچاربوو بە شکاوی بکشێتەوە دواوە و کەوتە گیانی خەڵکی کوردستان داخی شکانی خۆی بە کورد دا هەڵرشت، تورکەکان بە پاڵپشت و یارمەتی ئەڵمانیا بە شێوەیەکی دڕندانە بە کۆمەڵ کوردیان لەناو برد .

تا هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم، بەریتانیا هیچ سیاسەتێکی دیاری کراوی بەرامبەر بە کورد نەبوو، دووری کوردستان لە ناوچەکانی هەژموونی بەریتانیا ڕەنگە هۆیەکی سەرەکی بووبێ، بۆ نەبوونی سیاسەتی کورد لە لایەن بەریتانیا، لە ئەنجامی ئەم تێڕوانینە سیاسیەوە بوو لە ڕێکەوتنی (سایکس-بیکۆ) بڕیار لەسەر هەڵوەشاندنەوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی درا، وە لەم ڕێکەوتنە نەک هەر کورد بەڵکو مافی نەتەوەی ئەرمەنیش پشتگووێ خرا، لە کاتێکدا ئەرمەن بە کردەوە پشتیوانی لە هاوپەیمانان دەکرد لێرەدا ئەمە ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێت: «ئەگەر کورد پشتیوانی لە هاوپەیمانان کردبا لە جەنگی یەکەمی جیهان، ئەوا دەبوو بە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ».

«بەریتانیا هیچ سیاسەتێکی دیاریکراوی بەرامبەر بە کورد نەبوو»

بە هەزاران جەنگاوەری کورد لە ڕیزی سوپای عوسمانی بوون لە کاتی جەنگی جیهانیدا ژمارەیەکی زۆریان بوون بە قوربانی، ئەمەش زۆر خراپ لەسەر کورد کەوت، چونکە پشتیوانیکردنی عوسمانی لە لایەن کوردەوە زیانەکەی هەر ئەوە نەبوو کە لە لایەن هاوپەیمانانەو کورد وەک دۆستی تورک هەژمار کرا، بەڵکو قوربانییەکانی کوردیش لە جەنگدا لە لایەن دەسەلاتدارانی تورکەوە هیچ ڕێزێکی لێ نەگیرا .

جەنگی جیهانی یەکەم وەچەرخانیکی گەورەی مێژووی بوو ، دەرفەت بوو بۆ گەلانی ژێر دەستەی وەک کورد ، سوود لەم رووداوە گەورەیە وەربگرن، رزگاری سەربەخۆیی خۆیان دەستەبەر بکەن، کەچی کورد نەک هەر نەیتوانی سوود لەم دەرفەتە ناوازەیە وەربگرێ بەڵکو دووچاری گەورەترین شکستی مێژوویی بوویەوە .

لە کۆتاییدا ڕەوشی سیاسی کورد لە جەنگی جیهانی یەکەم، بووە هۆی ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی کوردی پەرە بسێنێت، وەک بەستنی پەیمانی سیڤەر، بەڵام ئەو پەیمانە هیچ یەکێ لە خاڵەکانی تایبەت بە کورد جێبەجێ نەکران، وە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسی کورد وەک شۆڕشەکەی شێخ محەممەدی خەلیفە لە تورکیا.

سەرچاوەکان:
١. ناوی کتێب :ئامانج و دەرنجام لە مێژووی بزافی نەتەوی کورد نوسەر : سەلاح ئەحمد محمدمین
٢. ناوی کتێب: بارودۆخی سیاسی کوردستان (١٨٨٠-١٩٤٦) نوسەر : موجتەبەر بورزوویی
وەرگێر نازناز محمد عەبدولقادر – یوسف خزر- سۆران عەلیپور ٢٠٠٥
٣. ناوی کتێب: جوڵانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان ، نوسەر : دکتۆر عزیز شەمزینی وەرگێر : فەرید ئەسەسەر ٢٠٠٦
٤ . ناوی کتێب : خوندنەوێکی نوێ بۆ مێژووی کوردستان . نوسەر : دیار غەریب چاپخانی ئازادی چاپی یەکە ٢٠١٦

*قوتابی قۆناغی چوارەم، بەشی مێژوو

# لە نائامادەیی سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان؛ کافتریا و گازینۆکان پڕ بوونە لە گەنج



## سەرۆکی سەنتەرێکی ڕۆشنبیری: سەنتەر هەیە، بەڵام بێ ڕۆح و گیانە

مەهدی محەممەد – زاری کرمانجی :
بەشێک لە گەنجان پێیان وایە لە غیابی سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان، کافتریا و گازینۆکان پڕ لە گەنج بوونە و داواکارن لە لایەنی پەیوەندیدار ڕێگە چارەیەک بدۆزێتەوە بۆ دەربازکردنی گەنجان لەو بارودۆخەی تێی کەوتوون.
گەنجێک دەڵێ «دڵنیام ئەگەر سەنتەر و کۆمەڵە ڕۆشنبیریی و هونەرییەکان چالاک بن، گەنجان ئامادە نین زۆربەی کاتەکانیان لە گازینۆ و کافتریاکان بەسەر ببن.»
سەردار مووسا ی تەمەن ٢٦ ساڵان، دەڵێ ئەگەر ڕۆشنبیربوون و هۆشیاری لای گەنجان هیچ بەهایەکی نەما، ئیدی گازینۆ و کافتریاکان دەبنەماڵی دووەمی ئەوان و دەڵێ «بەشی زۆری ئەو گەنجانەی ڕوو لە کافتریا و گازینۆکان دەکەن باوەڕیان بە ڕۆشنبیربوون و هۆشیاری نییە و بەشێکی دیکەشیان بێ کاری ناچاری کردووە ڕوو لەو شوێنانە بکات.»
سەردار پێی وایە خەم ساردی لایەنی پەیوەندیدار و سەنتەرە ڕۆشنبیریی و هونەرییەکان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە گەنجان، وایان کردووە کافتریاکان جمەیان بێت لە گەنجان «بە دڵنیایەوە ئەگەر سەنتەر و ڕێکخراوەکان چالاکی بەردەوامیان هەبێت، بەشی زۆری گەنجان ڕوو لەوان دەکەن و ناچنە شوێنێک کە هیچیان پێ نابەخشێت.»
سەردار داواکاریشە کەوا لایەنی پەیوەندیدار لە ناوچەکە سنوورێک لەبەردەم زۆری کافتریا و گازینۆکان دابنێت و لە بەرامبەردا چاوی زیاتری لەسەر سەنتەرە ڕۆشنبیریی و هونەرییەکان بێت و دەڵێ «ئەگەر گەنجێکی ڕۆشنبیر و هۆشیار و دڵسۆزمان بوویت، دەبێت دەرگای زۆر لە کافتریا و گازینۆکان دابخرێت و لەبەرامبەردا دەرگا داخراوەکانی سەنتەرە ڕۆشنبیری و هونەرییەکان بکرێتەوە، ئەمەش تەنیا بە حکومەت دەکرێت، بۆیە چاوەڕوانی ئەو هیممەتە دەکەین، تا لەوە زیاتر گەنجان ئالوودەی شتە نا تەندروست و بێ کەڵکەکان نەبن.»
محەممەد سەمەد ٢٨ ساڵ دەڵێ هەڵەیە ئەگەر گەنجان پێیان وا بێت کافتریا و گازینۆکان بۆ ئەوان لە سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان باشترن «لە هەموو دونیا کافتریا و گازینۆ و کافی هەیە، بەڵام باوەڕ ناکەم هیچیان وەکوو ئەوەی ئێرە بێت، لەوێ بۆ پشوو و خوێندنەوە و دانیشتن و گفتوگۆی هاوڕێیانەیە، بەڵام لێرە بۆ خۆ خنکاندن و یەکترشکاندن و ئەو جۆرە شتانەیە، بۆیە جگە لە زیان گەیاندن بە تەندروستی و ناوبانگی گەنجان، باوەڕ ناکەم ئەو شوێنانە هیچ سوودێکیان هەبێت.»
دەشڵێت «پێویستە بۆ دەربازکردنی گەنجان لەو قەیرانە، بایەخی زیاتر بە چالاکییە ڕۆشنبیریی و هونەریی و فەرهەنگییەکان بدرێت و ساڵانە فێستیڤاڵی هەمەڕەنگ ئەنجام بدرێت و لە پاڵ هەموو ئەمانەش پێویستە گەنجان لە نێو گرووپی جۆراوجۆر ڕێکبخرێن.»
بەشێک لە گەنجان گلەیی لە خەم ساردی و نەبوونی چالاکی سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان دەکەن، خەسرەو ئیسماعیل سەرۆکی سەنتەری ڕۆشنبیری ڕواندز لەمبارەوە دەڵێت «سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان تەنیا ناویان هەیە و بێ گیانن و وەکوو پێویست هاوکاری ناکرێن و مینحەی مانگانەیان نییە کە بتوانن چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام بدەن و گەنجان لە دەوروبەری خۆیان کۆ بکەنەوە،»
دەشڵێت «لایەنی پەیوەندیدار بە ئێمە دەڵێن سپۆنسەر بۆ چالاکییەکانت پەیدا بکەن، باشە لە شارێکی وەکوو ڕواندز سپۆنسەر لە کوێ پەیدا دەبێت ؟ ئەو قسەیە دەکرێت بۆ هەولێر دروست بێت، بەڵام لە شارێکی بێ کار و بێ ئیشی وەک ڕواندز، زەحمەتە بتوانیت سپۆنسەر بۆ چالاکییەکان پەیدا ببێت و سەرەڕای ئەوەش هەوڵی زۆرمان داوە بەڵام نەکراوە،»
سەرۆکی سەنتەری ڕۆشنبیریی ڕواندز باس لە کێشەکانی دیکەی بەردەم سەنتەرەکەیان دەکات و دەڵێ «ئەگەر بایەخ بە ڕۆشنبیریی و هونەری درابووایە، ئێستا ئێمە خاوەن باڵەخانەی خۆمان دەبووین، نەک میوانی ژوورێکی فەرمانگەیەکی حکومی، ئێمەش حەزمان دەکرد زۆرترین چالاکی ئەنجام بدەین، بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵکی شاری خۆمان بە تایبەت گەنجان سوودمەند بن لە سەنتەرەکەی خۆیان.»

**محەممەد سەمەد:**
**هەڵەیە ئەگەر گەنجان پێیان وابێت کافتریا و گازینۆکان بۆ ئەوان لە سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان باشترن**

# ئەو گەنجانەی تووشی لادان دەبن، کۆمەڵگە پشتیان تێ دەکات

## قارەمان سەعید: ئەو گەنجانەی لاواز و ڕەشبینن ئاسانتر تووشی لادان دەبن

مەهدی محەممەد – سۆران :

کۆمەڵێک هۆکار، گەنجان تووشی لادان و هەڵە دەکات لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا و بەرەو ڕێگەیەکی چەوت ئاراستەیان دەکات. گەنجێک دەڵێت»زۆر جار برادەری خراپ، ڕێگەی چەوت و ناتەندروست نیشانی برادەرانی دەدات، بۆ ئەوەی زیانیان لێ بدات»، یەکێکی دیکە دەڵێ:»لە سەردەمی ئێستای ئایتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زۆربەی ڕێگاکان ئاراستەیان بەرەو لادان و کاری خراپە.»
قارەمان سەعید، پێی وایە گەنجانەی لاواز و ڕەشبین ئاسانتر تووشی لادان دەبن و دەڵێ «بەشی زۆری ئەو گەنجانەی بە دوای کاری نا تەندروست و خراپ کەوتوون، کەسانی لاواز و ڕەشبینن لە بەرامبەر ژیان و باوەڕیان بە هیچ شتێک نەماوە و بێ ئومێد و بێ هیوان، بۆیە هەموو کارێک دەکەن لە پێناو زیانگەیاندن بە خۆیان و دەوروبەرییان،» قارەمان باس لەوەش دەکات کە دەبێت گەنجان ڕێز لە گەورەیی خۆیان و مرۆڤبوونییان بگرن «نابێت گەنجان کارێکی وا بکەن دەوروبەر گومان لە عاقڵبوونی و باشی و چاکی ئەوان بکەن و وەک کەسێکی بێ کەڵکی کۆمەڵگە سەیرییان بکەن، چونکە ئەمانە زیان لە کەسایەتی دەدەن، بۆیە دڵنیام گەنجی بە عاقڵ پەنا بۆ کاری خراپ و ڕێگەی چەوت نابات.»
بەلای حەمەدەمین مەحموود یش ئامرازەکانی خراپکاری ئەوەندە زۆر بوونە و لە هێز و ئیرادەی گەنجان چووەتە دەر و دەڵێ «زۆرێک لە گەنجان ناتوانن لە ئاست ئامرازە خراپەکان خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و بۆیە بە ئاسانی دەستەمۆی ئامرازەکان دەبن،» زیاتر دەڵێ «کۆمەڵگەی کوردەواری خەریکە بە یەکجاری وێران دەبێت و شتە جوانەکان ڕۆژ بە ڕۆژ ون دەبن و شتە ناشیرینەکان جێگایان دەگرێتەوە، ئامرازی خراپکاری ئەوەندە زۆر بووە گەنجان ناتوانن لە ئاستیدا خۆڕاگر بن و بە زوویی دەکەونە ژێر کاریگەری ئەوان و تووشی لادان دەبن»، حەمەدەمین ئەوەش دەڵێ»بە هەر شێوەیەک بێت دەبێت گەنجان زیاتر چاو کراوە بن و لەپێناو هەندێک خۆشی ماوە کورت، کەسایەتی و ڕەوشتی جوانی خۆیان لە دەست نەدەن، چونکە کەسایەتی و ڕەوشتی مرۆڤ وەکوو شووشە وایە ئەگەر شکا بە ئاسانی یەکتر ناگرێتەوە.»
کامەران سەردار یش پێی وایە دیاردەی لادانی گەنجان لە کۆمەڵگەکاندا، شتێکی شاراوە نییە و بەزوویی هەستی پێ دەکرێت و دەڵێ «دیارترین دەرکەوتن لە گەنجان کاتێک بەرەو لادان هەنگاو دەنێت، واز هێنانە لە قوتابخانە و دوور کەوتنەوەیە لە خوێندن، دواتر جگەرەکێشان و چوون بۆ کافتریا و ڕێزنەگرتن لە دەوروبەر و خراپ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەندامانی خانەوادەکەی، ئەمانە هەموویان ئاماژەن کە ئەو گەنجە ڕێگەی لادانی گرتووە و خەریکە خراپ دەبێت،»
کامەران دەشڵێت «پەروەردەکردنی ڕەوشتی گونجاو، بەستراوەتەوە بە ڕێنوێنیی کردنی گەنجان بۆ ڕێگای ڕاست و دروستی ژیانکردن، باوک و دایک نابێت ڕێگە بدات کە تیکتۆک و سناپچات و تەواوی تۆڕەکانی تری کۆمەڵایەتی، کولتووری خێزانەکەی تێک بدات، هەموو ئەو شتانەی کە دەتوانن کۆمەڵگە و تاکەکانی تووشی زیان و بێزاری بکەن، دەکرێت لە خۆمان دووریان بخەینەوە، چونکە ژیانکردن لەگەڵیان بەرەو لادان دەمانبات و داهاتوومان گەش و جوان نابێت.»

**کامەران سەردار :**
**وازهێنان لە قوتابخانە، دەستپێکە بەرەو لادان و کاری خراپە**

## حەمەدەمین مەحموود: ئامرازەکانی خراپەکاری زۆر بووە و لە هێز و ئیرادەی گەنجان چووەتە دەر



# چەکی لاوکوژ و شێرپەنجەی دایبابان

## مادده هۆشبەرەکان ژەهرێکی مەترسیدارە، بەتایبەت لەنێو گەنجان و هەرزەکاران



کلسوم گەزنەیی

هەروەک دەزانین ساڵانە لە ٢٦ی حوزەیران ڕێکخراوە جیهانییەکان لەم ڕۆژەدا خەریکی هەڵمەتی هۆشیارین، چونکە مادده هۆشبەرەکان بە یەکێک لە مەترسیدارترین ئافاتی سەردەم دادەنرێت، بە چاندن بێت، یان دروستکردن، بازرگانی پێوەکردن، بەکارهێنان، ئاسەواری خراپ لەسەر لایەنی تەندروستی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، ئەمنی هەیە. بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بابەتێکە لە ڕابردوو و ئێستا هەیە، سەبارەت بە ڕابردوو، ڕەگوریشەیەکی مێژوویی لە مێژووی مرۆڤایەتی هەیە و مرۆڤ بەکاریهێناوە، سەبارەت بە ئێستاش ڕووبەرێکی فراوانی جیهانی گرتووەتەوە، بەجۆرێک بۆتە هەڕەشە و مەترسی لەسەر بونیادی کۆمەڵگە، مادده هۆشبەرەکان ژەهرێکی مەترسیدارە، بە تایبەت لەنێو توێژی گەنجان و هەرزەکاران، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیێنێت کەوا مادده هۆشبەرەکان بووتە چەکی لاوکوژ و شێرپەنجەی دایبابان، کێشەی مادده هۆشبەرەکان کێشەیەکی درکاویی ئاڵوزە و سەختە، سەرەڕای ئەوەی لە ئایین و یاسا نێودەوڵەتییەکان و بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان و ڕێکخراوە جیهانیەکان و یاسا دەستکردەکانی مرۆڤ قەدەغەیە، سەرەڕای ئەم ڕێوشوێنانە تووشبوون بە نەخۆشییە دەروونی و تەندروستیەکان لە زیادبوونە، جددییەتی پرسی مادده هۆشبەرەکان بەتایبەت لەژێر ڕۆشنایی بارودۆخی ئەمنی و ئاڵۆزدا هەڕەشە لە ئاسایشی کۆمەڵگە و ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی ناوخۆیی دەکەن، ژمارەی داتا و ڕاستیەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، ئەو ڕاستیە دەردەخەن، زیادبوونی بازرگان و قاچاخچییەتی و بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی و ئەمنی هەیە، توێژەران تێبینی زیادبوونی ئەم دیاردەیان کردووە ڕۆژ دوای ڕۆژ، ئەمەش بۆتە هەڕەشە لەسەر بونیادی کۆمەڵگە و پەیکەری کۆمەڵایەتی، جگە لەمەش ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی نەتەوەیی خستۆتە مەترسییەوە، بۆتە هۆی هەڵوەشانەوە و لێکترازانی خێزان و زیادبوونی ڕەفتاری تاوانکاری و لادانی ئاکاری وەک دەستدرێژی سێکسی، بەدڕەوشتی، دەستدرێژکردنە سەر موڵک وماڵی گشتی، دزی، تەڵاق، پارە سپیکردنەوە، ساختەیی، دروستبوون و گرووپ و باندی مافیایی و قاچاخچیەتی و تاوانکاری ...هتد. ترسناکی مادده هۆشبەرەکان وایکرد ڕێکخراوە تەندروستی، پیشەیی، نێودەوڵەتی، فەرمی، ناوخۆی بێنێتە سەر هێڵ، بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بەم بابەتە بدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، پاکێجی جۆراوجۆر و دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. تەنگژەی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان ئێستا کە بە یەکێک لە چوار تەنگژە و پرسە جیهانیەکان دەژمێردرێت: (تەنگژەی لەناوچوونی ژینگە، تەنگژەی هەڕەشەی ئەتۆمی، تەنگژەی هەژاری، تەنگژەی مادده هۆشبەرەکان). بەڵام بەهۆی ئەو سوودە بەردەوامەی وڵاتانی بەرهەمهێن و دابەشکەری کە لەم ماددانە دەستدەکەوێت، بۆتە جێگەی داڵدەدانی بازرگانان، مادده هۆشبەرەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بووتە جێگرەوەی نەوت و چوک. هەر لەبەر ئەوەی هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان و دراوسێبوونی لەگەڵ «ئێران» هەروەها بە تایبەت ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، کە گرنگترین وڵاتی ترانزێتی مادده هۆشبەرەکانە لەو ڕێگایەوە مادده هۆشبەرەکان لە ئەفغانستان و پاکستان تورکیا دەگوازرێتەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپی، مەترسی ئەم گرفتە دوو ئەوەندە دەکات! چونکە بووەتە هۆی قاچاغی مادده هۆشبەرەکان لە ئێران و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ فرۆشتن و خەرجکردنی لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران. لە لایەکی دیکە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) بووە خاوەنی بودجە و داهاتی خۆی و فرۆشتنی نەوت، خەڵک بەرەو خۆشگوزرانی هەنگاوی نا. جگە لەوەش هەرێمی کوردستان بە ڕووی جیهان کرایەوە، سەردانی وڵاتانی بیانی و بە مەبەستی گەشت و خۆشگوزرانی و چارەسەری نەخۆشی، ئاشنایەتی بە کولتوور و نەریتی نوێ پەیداکرد. هەروەها هاتنی تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی سمارت فۆن و بوونی ئینتەرنێت لە هەموو ماڵێکدا، گۆڕانکاری بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەها کۆمەڵایەتی و ئایینیەکاندا هات. بونیادی کۆمەڵایەتی و خێزانی و پەیوەندیەکان، فۆڕمێکی جیاوازی بە بەراوردی نەوەدەکان وەرگرت، جۆرێک لە سەرلێشێواوی لە پەروەردەکردن و چاودێری خێزان بۆ ئەندامانی خێزان دروستبووە و بەریەکەوتن لە نێوان کولتوور و بەهای کۆن و نوێ دروستبووە، بەمەش دۆخێکی ئانۆمی بێسەروبەر و سەرلێشواو بێ سیستەم دروستبووە و بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین دیاردە و تاوانی جۆراوجۆر وەک کوشتن، گەندەڵی، دەستدرێژی سێکسی، بەدڕەوشتی، تاوانی ئەلیکترۆنی، تووشبوون بە ماددەی هۆشبەر، ئەمەش لە دەرئەنجامی گۆڕانکاری خێرای ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕوویدا.

# پاراستنی نەوەکانمان ئەرکێکی نیشتمانی و کۆمەڵایەتییە

## لاوان و ئافرەتان، زیاتر لە هەر توێژێکی تر ڕووبەڕووی ئەم مەترسییە دەبنەوە



لیا سەفەددین

مادده هۆشبەرەکان وەک ژەهرێکی بێدەنگ و تارماییەکی ترسناک، بە هێواشی بەنێو کۆمەڵگەدا بڵاودەبنەوە و هەڕەشە لە بناغە و داهاتووی هەر نیشتمانێک دەکەن، هەرێمی کوردستانیش، بەدەر نییە لەم مەترسییە.

دوو توێژی سەرەکی و هەستیاری کۆمەڵگە، کە بریتین لە لاوان و ئافرەتان، زیاتر لە هەر توێژێکی تر ڕووبەڕووی ئەم مەترسییە دەبنەوە. بۆیە، پاراستنیان ئەرکێکی هەنووکەیی و بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشی نێوان تاک، خێزان و دەوڵەتە.

بۆچی لاوان و ئافرەتان ئامانجی سەرەکین؟

١- لاوان بەهۆی چەند هۆکارێکەوە زیاتر لەبەردەم مەترسیی ئاڵوودەبووندان:

حەزی تاقیکردنەوە و فشاری هاوڕێیان: تەمەنی گەنجی، تەمەنی تاقیکردنەوە و یاخیبوونە. زۆرجار بەهۆی فشاری هاوتەمەنەکان یان تەنها لەبەر حەزی زانین، یەکەم هەنگاو بەرەو جیهانی تاریکی مادده هۆشبەرەکان دەنێن.

کەمی هۆشیاری و زانیاری: زۆرێک لە گەنجان زانیاری تەواو و دروستیان لەسەر زیانە کوشندەکانی مادده هۆشبەرەکان نییە، بازرگانانیش ئەم کەلێنە دەقۆزنەوە و بە دروشمی وەک «یەک جار زیانی نییە» یان «ئەمە وزەت پێدەبەخشێت» هەڵیان دەخەڵەتێنن.

کێشە خێزانی و دەروونییەکان: ناسەقامگیریی خێزان، توندوتیژی، یان بوونی کێشەی دەروونی وەک خەمۆکی، لاوان لاواز دەکات و ئاسانتر دەیان کاتە نێچیری بازرگانانی مەرگ.

٢- ئافرەتان: قوربانییەکی دووجا و بێدەنگ

مەترسیی مادده هۆشبەرەکان بۆ سەر ئافرەتان ڕەهەندێکی جیاوازتر و ئاڵۆزتری هەیە:

قۆستنەوە و توندوتیژی: ئافرەتان بەهۆی ئاڵوودەبوونەوە، زۆر ئاسانتر دەبنە قوربانیی قۆستنەوەی سێکسی، توندوتیژی، یان بەکارهێنانیان لەلایەن تۆڕەکانی بازرگانیی مادده هۆشبەرەکانەوە.

کاریگەری لەسەر خێزان و منداڵ: ئاڵوودەبوونی دایک کاریگەرییەکی وێرانکەری لەسەر پەروەردەی منداڵ و سەقامگیریی خێزان هەیە، دایک ستوونی خێزانە و کاتێک ئەم ستوونە دەلەرزی، تەواوی خانەوادەکە ڕووبەڕووی هەڵوەشانەوە دەبێتەوە.

مەترسییە تەندروستییە تایبەتەکان: جگە لە زیانە گشتییەکان، ئافرەتان ڕووبەڕووی مەترسیی تایبەت وەک کێشەکانی سکپڕی، لەبارچوونی منداڵ، و گواستنەوەی نەخۆشی بۆ کۆرپەلە دەبنەوە.

ڕێگاچارە و ئەرکی لایەنەکان

ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە پێویستی بە هەنگاوی هەمەلایەنە و هەماهەنگیی هەموو لایەک هەیە:

١. ئەرکی حکوومەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان:

توندکردنی یاسا و سزاکان: پێویستە یاساکان دژی بازرگانان و بڵاوکەرەوەکانی مادده هۆشبەرەکان زۆر توندتر بکرێن و بەبێ جیاوازی جێبەجێ بکرێن.

کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان: بەهێزکردنی خاڵە سنوورییەکان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ ڕێگریکردن لە هاوردەکردنی مادده هۆشبەرەکان.

دامەزراندنی بنکەی چارەسەر: کردنەوەی بنکەی مۆدێرن و تایبەتمەند بۆ چارەسەرکردنی ئاڵوودەبووان (بەتایبەت بنکەی تایبەت بە ئافرەتان کە نهێنی و تایبەتمەندییان پارێزراو بێت) و یارمەتیدانیان بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی.

هەڵمەتی هۆشیاری نیشتمانی: ئەنجامدانی هەڵمەتی بەرفراوان لەڕێگەی میدیاکان، قوتابخانە و زانکۆکانەوە بۆ ئاشناکردنی خەڵک بە زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان.

٢. ئەرکی خێزان:

دروستکردنی پەیوەندی کراوە: دایکان و باوکان دەبێت پەیوەندییەکی هاوڕێیانەیان لەگەڵ منداڵەکانیان هەبێت، تا بە ئازادی بتوانن کێشەکانیان باس بکەن و پەنا بۆ کەسی نەشیاو نەبەن.

چاودێریی زیرەکانە: ئاگاداربوون لە هەڵسوکەوت، هاوڕێ و گۆڕانکارییەکانی باری دەروونیی منداڵەکان، بەبێ ئەوەی هەست بە چاودێرییەکی توند بکەن.

پەروەردەی دروست: فێرکردنی منداڵان لەسەر چۆنیەتیی «نا» وتن و دوورکەوتنەوە لە فشاری خراپی هاوڕێیان.

٣. ئەرکی سیستەمی پەروەردە و خوێندن:

خستنە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن: پێویستە بابەتی مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان بە شێوەیەکی زانستی و کاریگەر بخرێتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکانەوە.

ڕاهێنانی مامۆستا و ڕاوێژکاران: ئامادەکردنی مامۆستایان و ڕاوێژکارانی دەروونی بۆ ئەوەی بتوانن نیشانەکانی سەرەتایی ئاڵوودەبوون بناسنەوە و یارمەتیی قوتابییەکان بدەن.

٤. ئەرکی میدیا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی:

شکاندنی تابۆکان: کارکردن لەسەر شکاندنی تابۆی قسەکردن لەسەر ئاڵوودەبوونی ئافرەتان و هاندانیان بۆ داواکردنی چارەسەر.

بەرهەمهێنانی بەرنامە و ڕاپۆرتی کاریگەر: دروستکردنی فیلمی دیکۆمێنتاری، دراما، و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی کە بە شێوەیەکی قووڵ باس لە زیانەکانی ئەم دیاردەیە بکەن.

لە کۆتایدا:

پاراستنی گەنجان و ئافرەتان لە مادده هۆشبەرەکان، تەنها پاراستنی دوو توێژ نییە، بەڵکو پاراستنی کۆمەڵگە و مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی ڕووناکە بۆ کوردستان، ئەم شەڕە، شەڕێکی هەمەلایەنەیە و سەرکەوتن تێیدا تەنها بە یەکگرتنی هەوڵی هەمووان دەبێت. با هەموومان پێکەوە ببینە قەڵغانێک بۆ پاراستنی نەوەی نوێ و ئافرەتانی وڵاتەکەمان لەم پەتایە کوشندەیە، چونکە هێزی هەر نەتەوەیەک لە هێزی گەنجان و سەلامەتیی خێزانەکانیدایە.



**پێویستە بابەتی مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان بە شێوەیەکی زانستی و کاریگەر بخرێتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکانەوە**

# چۆن بزانین جگەرمان تووشی هەوکردن بووە؟

ئا- زاری کرمانجی:
نیشانەکان و چارەسەری هەوکردنی جگەر, یەکێکە لە گرنگترین کێشەکانی جگەر کە پێویستە بە هەند وەربگیرێت. هەوکردنی جگەر بریتییە لە کیسێکی پڕ لە چڵک لە ناو جگەردا. جگەر ئەندامێکە لە کۆئەندامی هەرسدا کە یارمەتی هەرسکردن دەدات و ئەرکی گرنگی دیکەی هەیە. هەر کەسێک دەتوانێت تووشی هەوکردنی جگەر بێت. هەوکردنی جگەر بەزۆری چارەسەر دەکرێت و زۆرجار بە خولێکی دژە زیندەیی یان تێکەڵەیەک لە دژە زیندەیی و نەشتەرگەری بۆ دەرهێنانی چڵکەکە چارەسەر دەبێت. بەڵام ئەگەر چارەسەر نەکرێت، چەوری جگەر دەتوانێت بتەقێتەوە و هەوکردنەکە بڵاوبکاتەوە و دەبێتە هۆی تووشبوون بە سێپتیسیمیا، کە هەوکردنی بەکتریایەکی مەترسیدارە بۆ سەر خوێن.

سەبارەت بەمە د.شێروان خۆشناو,پزیشکی پسپۆڕی ورد لە کۆئەندامی هەرس,جگەرو هەناو بینی ڕایگەیاند: جگەر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە جەستەی مرۆڤدا، چونکە یارمەتیدەرە بۆ پاککردنەوەی ئەو خوێنەی کە لە کۆئەندامی هەرسەوە دێت بەر لەوەی بە جەستەدا بڵاوببێتەوە,کاتێک ئەم ئەندامە بەباشی کارناکات و تووشی هەوکردن دەبێت چەند گرفتێکی تەندروستی دروست دەبێت و کۆمەڵێک نیشانە لە جەستەدا دەردەکەون کە دەبێت بناسرێنەوە و پشتگوێ نەخرێن،نیشانەکانیش بریتین لە(زەردبوونی پێست, ئازار لە چاوەکاندا, ئازارو ئاوسانی سک, ئاوسانی قاچ و پێیەکان, خورانی پێست, تۆخبوونی ڕەنگی پێست, کاڵبوونی ڕەنگی پیسایی, ماندوێتی درێژخایەن, دڵتێکهەڵاتن یان ڕشانەوە, لەدەستدانی ئارەزووی خواردن).



# هەندێ ئامۆژگاری بۆ ئەوانەی حەز بە خواردنەوەی چا دەکەن



زاری کرمانجی:
١- چای گەرم: هۆکاری مەترسی شێرپەنجەی سورێنچک:خواردنەوەی چا لە پلەی گەرمی سەروو ٦٥ پلەی سەدی دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە خانەکانی سورێنچک و ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی سورێنچک زیاد دەکات. توێژینەوەکان دەریانخستووە کە بەردەوام خواردنی چای گەرم دەبێتە هۆی هەوکردنی درێژخایەن و گۆڕانکاری نائاسایی لە شانەکانی سورێنچکدا.
٢- چای سارد:هەڕەشەیەک بۆ سەر گورچیلە:چای سارد ڕێژەیەکی بەرزی ئۆکسالاتی تێدایە کە دەتوانێت لەگەڵ کالیسیۆم تێکەڵ بێت و ببێتە هۆی د ر و ستبو و نی بەردی گورچیلە. ئەم مەترسییە بە تایبەتی لەو کەسانەدا زۆرە کە پێشینەی خێزانی بەردی گورچیلەیان هەیە.
٣. چای ماوە: ژەهرە لە جامەکەتدا!:ئەو چایەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر بە جێهێڵر ا و ە ، ڕەنگە بەهۆی ئۆکساندنی پێکهاتە پۆلیفینۆلیکەکانەوە زیانبەخش بێت. هەروەها ئەگەری گەشەکردنی بەکتریا و قارچک لە چای پاشماوەدا هەیە، ئەمەش وایکردووە ببێتە مەترسی لەسەر تەندروستی.
٤- خواردنەوەی چا بە گەدەی بەتاڵ دیواری گەدە توڕە دەکات و دەردانی ترشەڵۆکی گەدە زیاد دەکات. ئەمەش دەبێتە هۆی دڵەکزێ و سکچوون و تێکچوونی گەدە لە درێژخایەندا.
٥- چای تۆخ: بەهۆی بەرزی ڕێژەی تانین و کافاین، چای تۆخ دەبێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگی ترشی گەدە و دەبێتە هۆی هەرس نەکردن و ئاوسانی گەدە و قورسایی دوای ژەمەکان.
٦- چای دوای نانخواردن: خواردنەوەی چا ڕاستەوخۆ دوای نانخواردن، هەڵمژینی ئاسن تێکدەدات و ئەگەری تووشبوون بە کەمخوێنی بەهۆی کەمی ئاسن زیاد دەکات. باشتر وایە لانی کەم یەک کاتژمێر دوای نانخواردن چا بخۆیتەوە.

# چی دەزانیت لە بارەی مەترسییەکانی کەمی ڤیتامین B١٢

زاری کرمانجی:
ڤیتامین B١٢ ماددەیەکی خۆراکی گرنگە کە پێویستە بۆ ئەوەی خانەکان و خڕۆکەکانی خوێن بە تەندروستی بمێننەوە. بەو پێیەی لەش ناتوانێت ئەم جۆرە ڤیتامینە بەرهەم بهێنێت، پێویستە ئەو خۆراکانە بخۆیت کە ڤیتامین B١٢ یان تەواوکەرەکانی تێدایە بۆ بەدەستهێنانی. ئەگەر ڕێژەی کەمی ڤیتامین B١٢ لە کاتی خۆیدا چارەسەر نەکرێت، دەبێتە هۆی کێشەی تەندروستی گەورە، بۆیە زۆر گرنگە لە کاتی خۆیدا نیشانەکانی بناسرێتەوە. با سەیری ئەم نیشانانە بکەین:
ماندوێتی بەردەوام: هەستکردن بە بەردەوامی ماندوێتی یان لاوازی، تەنانەت دوای شەوێک خەوتن، نیشانەیەکی گرنگە بۆ کەمی ڤیتامین B١٢. ئەم جۆرە ڤیتامینە بەشی پێویست ئۆکسجین دەگوازێتەوە بۆ سەرتاسەری لەش، بۆیە کاتێک ئاستی کەم دەبێتەوە ئۆکسجین بەخشین بە شێوەیەکی کاریگەر ئەنجام نادرێت و کەسەکە هەست بە ماندوێتی دەکات.
برینی دەم و زمان: یەکێکی تر لە نیشانەکانی کەمی ڤیتامین B١٢ بریتییە لە برینی دەم و زمان، بەجۆرێک کەمبوونەوەی ئاستی ئەم جۆرە ڤیتامینە دەبێتە هۆی سووربوونەوە و ئاوسانی زمان، هەروەها هەندێک کەس تووشی سووتانەوە یان برینی دەم دەبن.
گۆڕانی باری دەروونی: کەمی ڤیتامین B١٢ دەبێتە هۆی توڕەبوون، خەمۆکی، یان دڵەڕاوکێ. ئەم ڤیتا مینە کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی ماددەی سیرۆتۆنین و دۆپامین هەیە، کە گواستەرە دەمارییەکانن کە میزاج ڕێکدەخەن، ئەمەش دەبێتە هۆی کێشەی تەندروستی و گۆڕانی باری دەروونی. کەمی ڤیتامین B١٢ دەتوانێت کاریگەری لەسەر کارکردنی مەعریفی هەبێت و ببێتە هۆی کێشەی تەرکیز یان تەمی مێشک، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ کێشەی بیرهێنانەوەیان هەبێت و لە حاڵەتە توندترەکاندا دەبێتە هۆی نیشانەکانی هاوشێوەی نەخۆشی بیرچوونەوە.سووتانەوەو سڕبوون لە دەست یان قاچدا: سووتانەوە یان سڕبوونی دەست و قاچەکان بە نیشانەی کەمی ڤیتامین B١٢ ناسراوە. کەمبوونەوەی ئاستی ئەم جۆرە ڤیتامینە دەبێتە هۆی تێکچوونی دەمارەکان و دەبێتە هۆی ئەوەی نیشانەکانی دەمارەکان بە باشی کار نەکەن.




# با هەفتەی دووجار خواردنی ماسی لە ژەمەخۆراکییەکانتدا هەبێت

زاری کرمانجی:
گۆشتی ماسی خۆراککێی زۆر بەسوودە ، واباشە بۆ هەموو کەسێک لە هەموو تەمەنێکدا هەفتانە دووجار بیخۆن,گۆشتی ماسی یەکێکە لە باشترین و دەوڵەمەندترین خواردنەکانی جیهان. ئەم گۆشتە چەندین تایبەتمەندی هەیە بۆ لەش و تەندروستی، بەجۆرێک پزیشکەکان پێیان وایە دەبێت گۆشتی ماسی هەفتەی دووجار بخورێت بۆ تەندروستییکی باش. گرنگ نییە تەمەنت چەندە، گرنگە هەفتەی دووجار ئەم گۆشتە بخۆیت. ماسی, چەوری و کۆلیسترۆڵی کەمترە لە گۆشتەکانی تر, بۆیە خواردنی ئەم گۆشتە زۆر باشە بۆ ئەو کەسانەی کە پەستانی خوێنیان بەرزە. هەروەها خواردنی ماسی ڕێگری دەکات لە نەخۆشی چەوری جگەر و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن بەهۆی کەمی کۆلیسترۆڵەکەیەوە. ماسی زۆر بەسوودە بۆ دابەزاندنی کێش و سوتاندنی چەوری. بە خواردنی گۆشتی ماسی، ڕێگری دەکەیت لە نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان لە جەستەتدا. خواردنی گۆشتی ماسی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کۆلیسترۆڵی خوێن لە جەستەدا و هەروەها پەستانی خوێن دادەبەزێنێت. کاتێک پەستانی خوێن و ئاستی چەوری خوێن لە جەستەتدا کەم دەبێتەوە، ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی مێشک و جەڵتەی دڵیش لە جەستەتدا کەم دەبێتەوە. هەروەها بۆ ڕێگریکردن لە نەخۆشی تەنگەنەفەسی لە منداڵ وگەورەساڵان، یارمەتیدان بۆ چارەسەرکردنی جگەری چەور، ڕێگریکردن لە نەخۆشییەکانی ئێسک، کەمکردنەوەی مەترسی تووشبوون بە جۆرە جیاوازەکانی شێرپەنجە، کەمکردنەوەی مەترسی کەم بینین و کوێربوون، تایبەتمەندییەکی دیکەی ماسییە بۆ جەستەی مرۆڤ.گۆشتی ماسی بڕێکی زۆر چەوری تێدایە کە سوودی بۆ جەستە هەیە, ئەم چەورییە پێی دەوترێت ئۆمیگا ٣. چەوری ئۆمیگا ٣ چەورییەکە کە پێویستە بۆ تەندروستی و گەشەی لەش کە جەستە ناتوانێت خۆی بەرهەمی بهێنێت. بۆیە دەبێت لە ڕێگەی خواردنەوە بچێتە ناو جەستە. گۆشتی ماسی دەوڵەمەندە بە چەوری ئۆمیگا ٣,چەوری ئۆمیگا ٣ دابەش دەکرێت بەسەر دوو بەشی جیاوازدا. چەورییەکانی EPA و چەوری DHA.
چەوری EPA دژە هەوکردنێکی زۆر بەهێزە و ڕێگری دەکات لە ڕوودانی زۆربەی نەخۆشیەکان لە جەستەدا. لە لایەکی ترەوە چەوری DHA ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە تەندروستی چاو و پێستدا. ئەم چەورییە بینین لە مرۆڤەکاندا بەهێز دەکات و کارکردنی مێشک باشتر دەکات. ئەگەر ڕێژەی ئەم مادەیە لە لەشدا کەمببێتەوە، کێشەی دەبات، هەروەها ڕێگری دەکات لە دروستبوونی پەڵەی پێست. هەروەها ئەگەر ڤیتامین D ی پێویست لە جەستەدا هەبێت، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی شەکرە بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە. هەروەها گۆشتی ماسی دەوڵەمەندە



## چەوری DHA ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە تەندروستی چاو و پێستدا

وەک نەخۆشی بیرچوونەوە و ئەلزهایمەر دەردەکەون. یەکێک لەو ڤیتامینانەی کە بە زۆری لە گۆشتی ماسیدا هەیە بریتییە لە ڤیتامین D. بوونی ئەم ڤیتامینە سوودێکی زۆری هەیە بۆ تەندروستی لەش. ئەم ڤیتامینە ڕۆڵێکی زۆر کاریگەر دەگێڕێت لە تەندروستی ئێسکدا و ئێسکەکان بەهێز و پتەو دەکات. ڤیتامین D ڕێگری دەکات لە پووکانەوەی ئێسک و خراپبوونی ددانەکان، تەندروستی پێست بەرەوپێش بە ئاسن و خواردنی بڕێکی بەرچاو ئاسن بۆ جەستە دابین دەکات. بۆیە بە خواردنی ماسی نەخۆشیەکانی وەک کەمی ئاسن و کەمخوێنی لە جەستەی مرۆڤیش دوور دەخرێنەوە. باشتر وایە بە دڵنیاییەوە گۆشتی ماسی بخەیتە ناو خۆراکەکەتەوە. ئەو کەسانەی ڕووەکخۆرن و گۆشتی ماسی ناخۆن، پێویستە سەرچاوەیەکی خۆراکی بەدیل بەکاربهێنن بۆ ئەوەی ئەو ماددە خۆراکیانەی جەستەیان دابین بکات کە پێویستی پێیەتی.



(١)

## شاژنی شۆڕش

هاکا سبەینەیەک
لە کوچەو کۆڵانی شارەکان
(ژینا) دەرکەوتەوەو
گوێبیستی هەلهەلەی ئەو و
بینینی فڕین و
باڵە سوورەکانی بووین
هاکا بینیمان
چۆن گوللە ئەبێ بە گوڵ
چۆن زیندووبوونەوە لە نێو مەرگدا
لە دایک ئەبێ
چۆن پێکەنین لەنێو ڕەحمی گریاندا
ژانی دەرچوون ئەیگرێ
هاکا شار، لە پێستی تاریکیدا
خۆی داماڵی
شاژنی شۆڕش
بە تاجی خۆرەوە هات و
وڵاتی بۆ ڕوناک کردینەوە
هاکا (ژینا)مان بینی
ڕۆژهەڵات لەسەر کەفی دەستی و
شەهیدانیش لە پێشوازی ئەودا
ئەی ڕەقیب بڵێنەوە
ئەوە نە حکایەتێکی خوڕافییەو
نە خەونێکی بێ سەروبەر
ئێوە ئەزانن ئەوە تەنیا خوێنە
بە دوای ئازادیدا ئەگەڕێ ؟
ئێوە ئەزانن، خوێن نە وشک ئەبێ و نە ئەبێ بە ئاو ؟
خوێن کە ڕژا
ئەبێتە دەنگ
ئەبێتە ڕەنگ
ئەبێتە دەست و مەچەکی پۆڵا
خوێن کە ڕژا
دڵ ، ئەکا بە گڕکان
کەللە ، بە گۆمی ڕق
چاو ، بە سێرەگر لە دوژمنان
ئەی خوێنی پڕ عەتری ئازادی
زووکە وەرە ، ئەو سبەینەیەمان بۆ بێنە
ئێمە لە نێو تاریکیدا عاسێ بووین
گەرەکمانە بەر لە مردن
بۆنی ئەو عەترە بکەین
ئەوە نە خەونەو نە خوڕافەیە
هاکا ئەو بەیانییە هات
ژیناو شەهیدانی ڕۆژهەڵات
لە گۆڤەندی سەرکەوتندا
ئێمەیان لە خەو هەڵساند

(٢)

جەنگاوەری عیشق بە دوای مەعشوقی کۆیلەدا ناگەڕێ
(ئەو )تێکەڵ بە جەنگێ نابێ
ئەگەر ڕۆحی پڕ نەبێ لە نیگا پڕ تیشکەکانی یار
(ئەو )سواری پشتی (با) نابێ
ئەگەر مەعشوق لە گەڵیدا
بە نێو تۆفاندا باڵ نەگرێ
جەنگاوەری عیشق
کە نوێژ لە میحرابی مەعشوق ئەکا
ئێزن لە کەس وەرناگرێ
ئەو کە لە شەڕدا شمشێر ئەوەشێنێ
ئەوە سەمایێەکەو
مەعشوق سەرچۆپییەکەی ئەگرێ
کە ئەکەوێ
بەسەر گوڵ و ڕەیحانەکانی یاردا
ڕائەکشێ
جەنگاوەری عیشق بەسەر پەلکە زێڕینەدا رائەکا
تەلبەندەکانی ژیان
بە سنگی رووتەوە ئەبڕێ
ئەو بۆ بینینی مەعشوقەکەی
نە زەمەن لە خەیاڵی دایەو
نە لە مەرگ ئەترسێ
ئەو جەنگاوەرێکە
تا نەگا بە دامێنی خانمی خۆر
سەری بۆ هیچ کەسێ
نەوی ناکا
جەنگاوەری عیشق باڵای
لە کێوەکان ئەچێ
ویقاری هەڵۆییێکە ، لە
مەیدانی جەنگدا
لە پێدەشتەکانا
ئاسکی خەیاڵەو
بەنێو گەردلوول و بادا
غارغارێن ئەکا
وەک کۆیلەی عیشق
بە سەر زگەوە ئەخشێ و
سەری مەزنی بۆ مەعشوقەکەی
دائەنەوێنێ !!!!!

(٣)

## غەریبیی

کەسێک ، کە لەمێژە لە تۆوە دوورە
ئێستا نیشتمانی لێ بۆتە غوربەت و
مەیلی بینینت ئەکا
کەسێک ، وەک ئەوەی تێنووبوون
هیلاکی کردبێ
بە دوای تۆی سەرابدا
لە غارغارێن ناکەوێ
کەسێک ، وەک لە خەوندا
تۆی بینیبێت
هەموو ڕۆژێ بۆ بینینت
بەدوای تۆدا ئەگەڕێ
کەسێک ، ئەیەوێ پڕبوونت لەخۆیدا
خاڵی کاتەوە
کەچی هەموو گەردوون
لەتۆدا پڕ پڕ ئەبێ
وای لەتۆ ، کە نیشتمانت
لێکردووە بە غەریب
خۆیشت بە خەون وخەیاڵ
وای لەتۆ ، کە ئەوت پڕ کردووە
لە چاوەڕوانی
وای لەو کەسە ، کە هەر چەند
دوورو دوورتریت
لە ئەودا نزیک و
نزیکتریت

کاروان عەبدوڵڵا

# پاراستنی کوردستان لە ئاگری جەنگەکانی جیهان




ئیسماعیل ئیبراهیم

هەر چوار لای کوردستان ئاگر باران و جەنگە، وێرانی، دارمانی ژێر خانی ئابووری، هەژار و لێکترازانی کۆمەڵایەتی، بەرۆکی زۆرینەی وڵاتانی گرتووە، دانیشتووانی ئەو وڵاتانە خەمی گەورەیان تێر کردنی سکی ماڵ و منداڵەکانیان و پاراستنیانە لە تەقینەوە، بۆردوومان و تۆپبارانی مووشەکی، ئەم جەنگانەی بەرۆکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووە هۆکاری سەرەکین بۆ کۆچی ناچاری و ئاوارە بوون.

سیاسەتی نوێی جیهانی کە بنچینەکەی بۆ سیستمی بورژوازی دەگەرێتەوە، وڵاتانی زلهێزی جیهانی بەو ئاراستەیە بردووە لە پێناو بەدەستهێنانی زۆرترین سەرمایە و بەرژەوەندی درێژمەودا دەست لە کوشتن و برین نەپارێزن، ئەوەی لایان گرینگ نییە گیان لەدەستدانی مرۆڤەکان و لە نێوچوونی ژینگەی ئەو شوێنانەیە کە جەنگەکای تێدا ڕوودەدەن.

وڵاتە زاڵەمەکانی ناوچەکە لە ئاست وڵاتانی زەواڵی جیهانی ترس برۆکی گرتوون، دەشزانن بەخۆشی یا شەڕ دەبێ تەسلیمی خواستی ئەوان بن.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی لای ئەوان قسەی بێ مانان و تا ئەو شوێنە بڕ دەکەن کە بەرژەوەندی ئەوان دەخوازێت، یا بەکاریان دەهێنن بۆ مەرامی سیاسی و دۆزینەوەی بیانوو بۆ دەستوەردان لە هەموو کونج و کەلەبەرێکی جیهان.

ئەم جەنگە تەنها لە بوارێک نییە و بەس نوێترین چەک و تەقەمەنی لە شەڕەکان تاقی ناکەنەوە، بەڵکو ململانێکان تەواوی جومگەکانی ژیانی گرتۆتەوە، هەمووشیان ڕەهەندی ئابوورییان لە پشتە.

لە نێو ئاڵۆزییەکانی جیهان بە تایبەتی ناوچەکە، تەنها شوێنێک تا ئێستا ئارامە و ئاوەدانی شوێنی وێرانبوونی گرتۆتەوە باشووری کوردستانە، ژیان تێیدا ئارام و ئاساییە، ڕۆژانە بەرەو پێشوەچوون بەخۆیەوە دەبینێت، ئەگەر پیلانی داگیرکەران نەبایە گەشانەوەی کوردستان زۆر لەوەی ئێستا هەیە زیاتر دەبوو.

بەڵام پیلانگێران بۆ پەلکێش کردنی هەرێمی کوردستان و تێوەگلانی لەم ئاڵۆزیانە، هۆکار بوونە تا نەتواندرێت زیاتر لەوەی هەیە خزمەت بکرێت، جەنگی خاپوور کردن و کوشتن لە ئاست کوردستان گۆڕاوە بۆ برسی کردن و تیرۆری فکری.

بەڵام لە ئەنجامی سیاسەتی قوڵ و ژیرانەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و سەرۆک بارزانی و سەرۆکی حکومەت، تاکە کیانی سیاسی کوردی لە جیهان بە پارێزراوی ماوەتەوە.

ئەمەش کارێکی ئاسان و بێ سەرکیشی نییە و هزری ژیر و دونیابینینی دوور مەودای دەوێت.

زاری کرمانجی
**خاوەن ئیمتیاز:** ئەکرەم ئیسماعیل فەقی
**بەڕێوەبەر و سەرنووسیار:** ئیسماعیل ئیبراهیم
**جێگری سەرنووسیار:** رائیب جادر
**بەڕێوەبەری نووسین:** مورشید برادۆستی
**جێگری بەڕێوەبەری نووسین:** محەمەد قادر
**نەخشەساز:** سامی فەتاح
**ناوونیشان:** کوردستان ـ سۆران
٠٧٥٠٤٦٠٩٧٨٧ ـ ٠٧٥٠٧٢٧٤٧٧١

# بەشی شەشەمی کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بە زمانی عەرەبی بڵاو کرایەوە




## بەشی شەشەمی کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد) چاپ و بڵاو کرایەوە

بەشی شەشەمی کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد) بە زمانی عەرەبی چاپ و بڵاو کرایەوە ئەم کتێبە لە لایەن سەرۆک بارزانییەوە نووسراوە.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی چاپی یەکەمی ئەم کتێبەی لە ئەستۆ گرتووە و چەند ژمارەیەکی دیاریکراوە و تەنیا بە سەر چەند شوێن و دامەزراوەیەک دابەش دەکرێت.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٦-٦-٢٠٢٥، بەشی شەشەمی کتێبی ‹بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد› کە لە لایەن سەرۆک بارزانییەوە نووسراوە، بە زمانی عەرەبی چاپ کرا و بڵاو کرایەوە. ئەم بەشە کە دوو بەرگە و زیاتر لە هەزار لاپەڕەیە، پتر لە ٣٠٠ نامەی لە خۆ گرتووە، کە لە نێوان سەرۆک بارزانی و سەرکردە عێراقییەکان لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ – ٢٠١٦ ئاڵوگۆڕ کراوە.

ئەم بەشەی کتێبەکەی سەرۆک بارزانی تایبەت و جێی بایەخە، چونکە سەرنجی خستووەتە سەر زۆربەی ڕووداو و پێشهاتە هەنووکەییەکانی تایبەت بە عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی.

ئەم چاپەی بەشی شەشەمی کتێبی ‹بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد› بە زمانی عەرەبی، تەنیا بەسەر زانکۆ، ناوەندەکانی توێژینەوە، کتێبخانە گشتییەکان، دار ئەلمەدا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دابەش دەکرێت، دواتریش چاپ دەکرێتەوە و بازنەی دابەشکردنی فرەوانتر دەبێت و دەگەیەنرێتە خانەکانی بڵاوکردنەوە و کتێبخانەکانی بەغدا و شارەکانی دیکە.

سەرۆک بارزانی لە پێشەکی کتێبەکەدا سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە، ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ – ٢٠١٦، وەرچەرخانی مێژوویی لە عێراق و کوردستان ڕووی دا کە تێیدا ویست و خۆڕاگری گەلی بە چڕی تاقی کرایەوە، هاوکات دەرفەتێکی زێڕینیش ڕەخسا بۆ ئەوەی کورد ڕێڕەوێکی نوێ بەرەو ئایندەیەکی زۆر سەقامگیرتر بگرێتە بەر و پێک بهێنێت.

سەرۆک بارزانی هەروەها تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی، هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕۆڵێکی گەورە و یەکلاکەرەوەی لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس بینی و پاشان هەمان ڕۆڵی گرنگی لە بونیاتنانەوە عێراق و دانانی دەستوور و پێکهێنانی حکوومەت و کابینەکانی حکوومەتی فیدراڵی گێڕا.

سەرۆک بارزانی بە خوێنەری عەرەب دەڵێت، تەنیا وەکوو گێڕانەوەیەکی مێژوویی ئەم قۆناغە نەخوێنێتەوە و مامەڵەی لەگەڵ نەکات، بەڵکوو دەخوازێت ببێتە پردێک بۆ هاریکاریی نێوان عەرەب و کورد، نەخاسمە کە ئەزموون سەلماندوویەتی چارەنووسی هاوبەش پێویستی بونیاتنانی گفتوگۆ و ڕێزگرتنی دوولایەنە.